ڕووداوی دڵتەزێن

# وڵاتی شارە زەردەواڵەکان

د. یوسف زەنگەنە



چاپی لەندەن
٢٠٢٢

بۆ ئازادی کوردو رزگاری کوردستان ، ئەنها ڕێگەیەک هەیە ،
ئەویش ڕێگەی کوردایەتییە

# وڵاتی شارە

# زەردەواڵەکان

**(لە ڕووداوە دڵتەزێنەکانی کوردستان)**

نووسینی

**د . یوسف زەنگەنە**

# لەندەن -٢٠٢١-

زەنگەنە، د. یوسف

# وڵاتی شارە زەردەواڵەکان

(ڕووداوی دڵتەزێن لە کوردستانەوە)

چاپی لەندەن -٢٠٢١-

Zangana. Yousuf, Dr.

# The Country of the Hornets.

(Tragic events from Kurdistan)

London – 2021-

# ئەلبوومێك و چووار وێنە

بانگی ئاشبەتاڵ هەڵدرا، شۆڕش نەما، کۆتایی هات، تەواو.

هەر کەسێک ئازادە، بگەڕێتەوە شار و گووندی خۆی و سەر ماڵ و حاڵی خۆی لە عراق، یا بڕوات بۆ ئێران.

بە هەزارو یەک (حاڵ) خۆمان گەیاندە سنووری ئێران. سەربازێکی زۆریان راگرتبوو بە چەکەوە بۆ رێگرتن لە شاڵاو و هێرشی خەڵکەکە.

لە یەکێک لە سەربازەکان، نزیک بوومەوەو پرسیم، ئێمە هێشتا بە تەمای ئاودیوبوون نین، ئایا ستوان ( مراد س) ئەمڕۆ لێرەیە؟

سەربازەکە، تەماشای سەروو سیمامی کردوو، بە سەرسووڕمانەو پرسی:

تۆ چۆن دەیناسی؟

گووتم:

من بەر لەم رووداوە خەمناکە، زۆر جاران بەم سنوورەدا تێدەپەڕیم و (جناب)یانم دەبینی.

گووتی:

کەواتە هەر لێرە چاوەڕێ بکە، با سەرکەووم، بزانم لێرەیە.

چەند خوولەکێکی پێچوو، مراد لەگەڵ سەربازەکە بەرەو ئێمە هاتن و کە منی ناسییەوە لە دوورەوە دەستی بەرز کردەوەو بە رێزەوە هاتە پێشەوەو گووتی:

فەرموون تێپەڕن بۆ راویستاوون؟ بەڵام ئەو برایە ناتوانێت ئەو ئامرازەی کۆڵی بهێنێتە، نێو ئێرانەوە.

گووتم:

هێشتا لەگەڵ ئەم هاوڕێیانەماندا بڕیاری کۆتاییمان نەداوە. ئامرازی، بێتەلەکەش دەزانین ناتوانین، بیبەینە ئێرانەوە، بەڵام من پرسیارێکم هەیە لە (جەناب)ت، ئەگەر لە بیرت دێت من زۆرجار بەم

سنوورەدا هاتووچۆم کردووەو تا خانە و (نقدە) پسوولەی لەگەڵ خۆدا هەڵگرتنی دەمانچەیەکەم هەبوو، کە لە لایەن بارەگای بارزانییەوە، لە دەوڵەتی ئێران پسوولەی بۆ وەرگیرابوو. ئایا دەتوانم دەمانچەکەم، لەگەڵ خۆمدا ببەمە ئێرانەوە، کتووپڕ چاووەکانی پڕ لە فرمێسک بوو و گووتی:

ئاغا گیان، زۆر بەداخەوە، تەواو.

پرسیم: باشە لەبەر ئەوەی زۆر شیرینە لە دڵمدا، ئایا دەکرێت پێشکەشی بکەم بە بەڕێزتان؟

گووتی: خۆزگە بکرابایە، بەڵام خۆت دەزانی چەند کارێکی نایاسایی و مەترسیدارە، ئەگەر پێیبزانرێت ئەوا خۆت دەزانی چیم بە سەر دەهێنن.

زۆر سوپاسیم کردو گووتم:

جارێ خوات لەگەڵ.

گووتی: ئەگەر بڕیارتاندا ئەوا دیسانەوە، بانگم بکەن، تا کار ئاسانیتان بۆ بکەم.

لەگەڵ سوپاسدا گووتم:

ئێمەش، کەی بڕیارماندا، لە ریزی ئەو خەڵکەدا رادەوێستین و کەی نۆرەمان هات، بە یاری خودا تێدەپەڕین و بەڕێزت بە خۆمانەوە، ماندوو ناکەین.

داوام لە هاوڕێکانم کرد کە شوێنم بکەون. بەرەو رووبارەکە کەوتینە رێ، هەندێک دوورتر لە سنوور.

دەمانچەکەم زۆر خۆشدەویست، تاکە یەک فیشەکیشم پێینەتەقاندبوو، بۆ تاقی کردنەوەش بێت. نیکل بوو.

بەر لەوەی بگەینە کەناری رووبارەکە، لە ریزی ئەو حەشامەتەدا، چاووم بە هاوڕێیەکی کۆن کەوت کە لە ریزی خەڵکانی دیکەدا دانیشتبوو لە چاوەڕوانی ئاودیوبووندا بوو لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانیدا. باوەشمان بە یەکدا کردوو پرسی:

هەموو بەرەو ژوور دەڕۆن و ئێوە بەرەو خووار، چییە مەسەلەکە؟

پێمگووت:

ئەگەر دەتوانی خانەوادەکەت بە جێبهێڵێت بۆ چەند خوولەکێک، وەرە تا کەناری رووبارەکە لەگەڵماندا.

هات، گەیشتین. داوام لە کاکە مچە کرد، بێتەڵەکەی لە کۆڵ دابگرێت و بیخاتە سەر زەمین.
پێش ئەوەی ئەو کارە بکات پرسی:
بە تەمای چیت کاکە؟

{ کاکە مچە گیان (کاک مصطفی)، بێتەڵمان بوو، لە زۆر زووەوە و لەگەڵماندا بوو، کە بڕیارماندا پلانێک دابنێین، بۆ چۆنیەتی داگیرکردنی شاری ئاکرێ (عقرة). ئەگەر بکرابایە، گەورەترین دەستکەوت دەبوو بۆ شۆڕش و شکان، بۆ سوپاو دەوڵەتی عراق، کە بەداخەوە شۆڕش نەماوو دەستی خالی گەڕاینەوە. کاکە مچە، ئامرازی بێتەڵەکەی لە خۆی خۆشتر دەویست و نەیدەویست فڕێیبدات و دەیگووت چوونکە ملکی شۆڕشە، دەبێت رادەستی لێپرسراوێکی شۆڕشی بکەمەوە. }

پێمگووت:

چەند کەس و لە چەند شوێندا پێیان گووتی، تەواو. شۆڕش نەما، دەسەڵاتدارە، ترسووەکان، هەڵهاتن، بە گوێی خۆتیش، گوێت لە سنووروانەکەش بوو، کە چیگووت. ئیتر بە تەمای چیت؟

دایگرت و ماچێکی کردوو بە نەرمی خستییە سەر زەمین و بە گریانەوە خواحافیزی لێکرد.

داوام لە کاک عبدالرحمان کرد (یەکێک لە هاوڕێ پێشمەرگە بەڕێزەکان)، کڵاشنیکۆفەکە، بداتە دەستی مام زیاد و ئەویشم بە ئاماژەی سەر تێگەیاند، کە چیبکات، ئەویش داوای لێبووردنی لە مچە کردوو یەک (صلیة)ی تەواوی نا بە ئامرازەکەی کاکە مچەوە کە لەو چرکە ساتەدا، چاوەکانی داخستبوو و بە خوور فرمێسکی دەڕژاند.

هەمان بەسەرهاتیشمان بە سەر دەمانچە خۆشەویستەکەی منیش هێنا.

دیسانەوە داوام لە کاک عبدالرحمان کرد، کە دوو بەردی گەورەی هێناوو. قوونداخی کڵاشنیکۆفەکەی، لەسەر دانەیەکیان و لوولەکەشی لەسەر ئەویتریان دانا، مام زیاد هێشتا زۆری جارانی مابوو، داوام لێکرد کە دوا کاریشمان بۆ ئەنجام بدات. تێگەیشت و بەردێکی زەبەلەحی هەڵگرتوو کووتای بە ناوقەدی کڵاشنیکۆفەکەدا و چەند جارێکیش دووپاتی کردەوەو پارچەکانیشمان فڕیدایە رووبارەکەوە.

گەڕاینەوە بۆ سنوور. ئەوانەی کە تەنہا بوون و خێزان یا کەلوپەلی زۆریان لەگەڵدا نەبوو، بە کوردی پەتی (سەڵتە زەلام) بوون، زووتر رێگەیان پێدەدان بۆ پەڕینەوە لە سنوور.

خۆم گەیاندە کۆتایی ریزی حەشاماتەکە و هەر بە تەنیشت جادەکەوە، (بطانیة)یەکم راخست و پشتمدا بە پاڵ تەپلۆسکاییەکی بچووکداو پێکانم درێژ کردوو بە (بطانیة)کەی کاک أحمدیش کە بۆ منی بە جێہێشتبوو، تا سەر سینەی خۆم داپۆشی.

چەند کەسێکی لاویش، لە پێش منەوە بوون و بە دەنگێکی کەمێک بەرزەوە، خەریکی دەمەتەقێ بوون و کە لە زاراوەکەیان دیار بوو، گەرمییانی و سلێمانی بوون. باسیان لەسەر ئەوەبوو کە بە پێ بڕۆن، یا سوواری ئەو لۆرییانە ببن، کە خەڵکەکە دەگوێزێتەوە بۆ ئێران و چەند ڕۆژێکی کەمی دیکە سەربازە عراقییەکان لە ئێرانەوە بۆ داگیرکردنی کوردستان دێنن.

خۆم ڕاستکردەوەو سەڵاووم لێیانکردوو گووتم: منیش لەسەر ئەو بۆچوونەم، کە بە پێ خۆمان بکەین بە ئێراندا.

زۆریان پێخۆش بوو و خۆیان نزیک کردەوەو و بڕیارماندا کە هەرچۆنێک بێت ئەمشەو بەسەربەرین و لەگەڵ خۆردەرچووندا، بکەوینە ڕێ.

چووینە ڕێزی تەنهاکان و بێ کەل و پەلەکانەوەو دوو کاژێرێکی پێچوو نۆبەمان هات و لاوەکانی دیکە، پاش پشکنینیان ، هەموو لە داری کۆنترۆڵەکە پەڕینەوە. ئەو سەربازە فارسەی کە خەریکی پشکنینی بەدەنی من و

جانتاکەم بوو، تەماشایەکی دوو کتێبەکەو دووربینەکەمی کردوو گەڕاندییەوە بۆ نێو جانتا بچکۆڵەکەم. چاوی بە ئەلبوومێک کەوت و تەماشای کرد و کە بینی تەنها چووار وێنەی تێدایە، ویستی ئەویش بخاتەوە جانتاکەوە کە دووبارە کردییەوەو گووتی:

ئاغا ناتوانیت ئەم ئەلبوومە ببەیتە وڵاتەکەی ئێمەوە، چوونکە وێنەی دڵتەزێنی تێدایەو ئەگەر هاووڵاتییەکانم بیبین، تووشی نارەحەتی دەروونی دەبن.

بە دەیان وڵامم هات بە مێشکدا، دەمتووانی وڵامی بدەمەوە، بەڵام هیچ یەکێکیانم دەرنەبڕی چوونکە، دەمزانی دەبێتە هۆی تووڕە بوونی و لەوەدایە ڕێگەشم نەدات بڕۆمە خاکەکەیانەوەو گووتم:

بەڕێز، ئەم وێنانە مێژووی نەتەوەکەمن و ناتوانم بەجێیان بهێلم.

گووتی:

مێژووی نەتەوەکەت تەنها لە چووار وێنەدا، باسی لێکراوە؟

گووتم:

بەڵێ، بەڕێز، هەروایە.

سەربازێکی دیکەی بانگ و کردوو ئەویش تەماشایەکی کردوو بە دیقەتیش تەماشای منی کردوو و بە فارسی بەوەی یەکەمی گووت:

گرفت نیە، با بیبات.

سەربازی یەکەم گووتی:

دەتوانیت بیبەیت، بە مەرجێک بەڵێن بدەیت، پیشانی هیچ هاووڵاتییەکی منی نەدەیت و گرفتی دەروونییان بۆ درووست نەکەیت.

منیش گووتم:

بەڵێ بەڕێز، هەروادەکەم.

(ئەو هەموو دیمەنە دڵتەزینانەی بەرچاوی خۆی، ئەوی دڵتەنگ نەدەکرد و خەمبار نەدەکرد، سەدان ساڵی کووشتن و ماڵ وێرانی و گڕ لە خانوو و ماڵ و خەرمان و رەزوو لە سێدارەدانی هەزاران لە مێژووی دورودرێژی نەتەوەکەماندا، ویژدانی ئەوی نەدەهەژان، تەنها ئەو

چووار وێنەیەی ئەلبوومەکەی من نەبێت، کە، ئەندامانی نەتەوەکەی تووشی گرفتی رەوانی دەکات!!.)

لاوەکانی دیکەش، هەر هەموویان راوێستابوون و تەماشاو گوێیان لێمان دەگرت و منیان بە جێنەهێشت. داری کۆنترۆڵەکەی بەرزکردەوەو گووتی:

فەرموو ئەو لۆرییانەی لە دەستی چەپدا راوێستاوون بۆ تەنهاکان و بێ کەلووپەل و بێ شت و مەکە قۆرسەکانن.

کەوتینە رێ، کەمێک لە لۆرییەکان دوورکەوتینەوە، یەکێک لە سەربازەکان بە دەنگێکی بەرزەوە، بانگی لێکردین وپرسی:

بۆ کوێ دەڕۆن، وەرن سوواری لۆرییەکان بن. هاورێیان وڵامیان پێنەبوو، باش بوو هات بە مێشکمداو گووتم:

دەزانین بەڵام، سێ چووارێکمان لەوانەین کە ناتوانین سوواری ئۆتۆمۆبیل ببین و تووشی سەرئێشەو رژانەوە دەبین و دەبێت بە پێ رێبکەین و ناشمانەوی

یەکتر بەجێبهێڵین و لەیەک دابپچڕێین، چوونکە، هەمووما‌ن خەڵکی ناوچەیەکین.

سەربازەکە، کە لێمان نزیکببووەوە، بە نەرمی و بە کوردییەکی پەتی زاراوی کرمانشاهی رووی لە من کردوو گووتی:

وا نیە کە دەفەرمووی، بەڵام بەهانەیەکی جوانت هێنایەوە، دەزانم بۆ سوواری لۆرییەکان نابن، بە قوربانی هەمووتان بم لاوانی دڵسۆز. ئەگەر لە ڕێگەش، سەربازان ڕێیان لێگرتن، هەمان قسەیان بۆ بکەن و منیش نێووم (ب. عابدییە) و ئەو کاغەزانەیان پیشان بدەن کە پێتانە، ئیتر ڕێتان لێناگرن، ئەوەش بزانن ڕێگەکە دوورەو سەختیشە. خودا ئاگادارتان بێت.

ئەو گەڕایەوەو ئێمە هەمووما‌ن سەرمان سووڕما لە هەڵوێستی ئەو کوردە دڵسۆزە.

بەهەر حاڵ بە هەزار دەردوو ئێش و ئازارەوە گەیشتینە (خانە- پیرانشهر).

دەیان جۆرە ئۆتۆمۆبیل راوێستابوون، هەر یەکە هاواریّ رۆیشتن بۆ شارێک و دەڤەرێکی دەکرد. هاورێکانم پرسییان:

تۆ بە تەمای چیت، بۆ کویّ ئەڕۆیت؟

گووتم:

هێشتا نازانم، بەڵام ئەوەندە پێیەکانم بە ئازارن، ناتوانم ئێرە بە جێبهێلم و ئەمشەو لێرە دەمێنمەوەو تا سبەینی خوا کەریمە.

باوشمان بە یەکدا کردوو وەک ئەوەی دەیان ساڵ بێت یەکترمان ناسیبێت.

هەموویان بەرەو ئەو کەسە رۆیشتن کە بانگی چوون بۆ سەردەشتی هەڵدەدا. رۆیشتن. دیسانەوە تەنها مامەوە.

شارەکە بە ماڵ و مزگەوت و کۆڵان و سەرشقامەکانیەوە، پڕ ببوون لە خەڵکی ئاوارە. خۆم کرد بە چەند ئوتێلێکدا کە لەسەر پلیکانەکانیشیاندا، خەڵکەکە بە دانیشتنەوە خەویان لێکەوتبوو. چەند

دوکاندارێکم دەناسی، رۆیشتم بەرەو دووکانەکانیان، بەڵام هەموو داخرابوون، تەنها شوێنێک مابوو لە خەیاڵمدا گەرماوی (حمام) کابرای (آذری) بوو، رۆیشتم، دەرگاکەیشی نەدەکرایەوە ئەوەندەی خەڵکی لە پشتەوە راکشابوون، بە تایبەت لاوان و چەندین خانەوادە بە منداڵ و ژن و پیاوەوە.

پاش هەوڵدانێکی دووروو درێژ، لەو گەرماوەدا شوێنم دەستکەوت، بێگوومان بە یارمەتی خانمێک کە لەوێدا کاری دەکردوو لە پێشدا دەمناسی.

شوێنێکی باشیان بۆ ئامادەکردم. تا خەوم لێکەوت. چەندین پرسیار مێشکیان بەجێنەدەهێشتم.

بڵێیت راست بێت ؟ وا بە ئاسانی . تەواو ؟

ئەو هەموو بەسەرهاتانە بە فیڕۆ چوو .

دەیان هەزار شەهید و سەقەت و پەککەوتوو ، سووتانی هەزاران گوندو باخ و رەزوو خەرمان ، دەها هەزار منداڵی هەتیو کەوتوو و داك و بابی جەرگ و

دەروون، سووتاوو ، ژنی لاوی بە بێ مێردو براو باب و کەس بە جێماو ، هەمووی لە بیرکراو تەواو ،

وشەی ئەفسەرە سنووروانەکەش زرینگەی لە گوێمدا نە دەبڕاو وڵامێکی دڵپەسەندیشم نەبوو بۆ ئەو هەموو پرسیارانەی کە هەموو گۆشەو قوژبنێکی مێشکمیان داگیر کردبوو .

ئەلبوومەکەم دەرهێنا . چاوەکانم بڕییە یەکەم وێنەو چووم بە بیریکی قوولدا . لە مێشکی خۆمدا کردم بە فیلمێکی سینەمایی و کەوتمە باسکردنیان .

**وێنەی یەکەم:**

خانوویەك لە یەكێك لە گووندەکانی کوردستان ، بڵێسەی ئاگر بە هەموو لایەکیدا دەچێت بە ئاسماندا .

**وێنەی دووەم:**

کۆرپەیەکی هەشت نۆ مانگە لە سەر پشت راکشاوە ، چووار داگیرکەری سەروو شێوە ڕەش

وچڵکنی دەم بە پێکەنین بە دەوریدا ڕاویستاوون ، لوولەی تفەنگێك لە دەمی کۆرپەکەدایەو لەبریتی مەمك خەریکی مژینیەتی .

**وێنەی سێهەم:**

هەمان شوێن . تەرمی هەمان کۆرپە بە بێ سەر ، پارچە ئێسك و گۆشت و مێشك ، بەملا و ئەولادا بڵاوبووەتەوە .

**وێنە چووارەم:**

ژنێکی جل و بەرگ دڕاوو . قژ ژاکاوو . چەند دێڕیکی خوێن بە سەر رووومەتیدا بەرەو خووار شۆڕو وشك بوونەتەوە .

تەرمی کۆرپەکەی بە سەر ڕانەکانیدا ڕاکشاندووە . دەستەکانی کردوەتەوەو وردە ئێسك و گوشت و مێشکی سەری کۆرپەکەی لە نێویاندا کۆ کردووەتەوە .

بێدەنگ ،کپ ، ئارام دانیشتووە .

تەماشای خاڵێکی نەبینراو دەکات. لە چاوەڕوانی کەسێك یا شتێکی نەناسراوو و نەزانراودا دانیشتووە.

ئەوەی سرنج ڕاکێشەرە وێنەی چووارەم وێنەیەکی ئاسایی نییە لەو وێنانەی کە لە سەر پارچە کاغەزێکدا چاپ دەکرێت.

ئەگەر مرۆڤێکی خاوەن هەست و ویژدان، تەماشای چاووەکانی بکات، بە چەند شێوە خۆیان دەنوێنن.

جارێك چاوێکی ئاساییە وەکوو چاووی هەموو ژنە کوردێکی دیکە.

جارێك پڕن لە پرسیار یا بیر کردنەوەی قوول.

جارێك پڕن لە شادی و پێکەنین و ئوومید.

جارێك خەم و ماتەم و فرمێسك.

لە ڕاستیدا ئەگەر مرۆڤێکی دڵسۆز لێیان وردتر ببێتەوە بۆی دەردەکەویت کە پەردەی سینەماو

شووشەی تەلەفزیۆنن . ڕووداویك پیشان دەدەن کە لە مێشکی ژنەکەدا تۆمار کراوە .

لێوەکانی ، هەڵقرچاوو ، کرۆژراوو ، قلیشاوو ، وەکو هەزاران ژنە کوردی دیکە ، بەڵام ئەوەی سەیرە لە وێنەکەدا دەجولێنەوە ، قسە دەکەن ، ئەگەر کەسێکی گوێ بۆ خەم رایەڵکەر ، گوییان لێڕابگرێت ، دەبیستێت ، باس لە ڕوداویك دەکەن کە دەیانەوێ بە جیهانیانی ڕابگەیەنن ، بەڵام گوێگر کوا ؟

تۆ بڵێی جۆگەلە خوێنەکانی ڕوومەتی ، دەستەکانی و تەرمی کۆرپەکە پێویست بە باسکردن بکەن ؟

ژنەکە دەڵێ:

ئاگادار کراینەوە کە بە زووترین کات گووندەکەمان چۆل بکەین . هێرشی داگیرکەران بەرەو ئێمە دەهات . ئەوەی تووانی هەڵبێت، هەڵهات و ئەوەی پێیان کرا لە گەڵ خۆیاندا هەڵیان گرت و

روویان لە گردەکانی نزیك و دوور کرد . تەنها من و چەند پیرێکی پەککەوت و پێمان نەکرا . من لەبەر بێکەسی و کۆرپەکەی بەرمەمکەم و نەبوونی کەسێك کە لە کاتی وادا پەنای بۆ بەرم .

هێرشی داگیرکەران هات . ئەوەی بۆیان برا ، تالانیان کرد . ئەوەی نەبرا بە خانووەکانەوە ئاگریان تێبەردا .

ڕێز گەیشتە ماڵی ئێمە . تەنیا من و کۆرپەکەمی تێدا بووین . مێردەکەم لە شەری دژ بە داگیرکەراندا شەهید کرا لە کاتێکدا من باردار بووم . پێشمەرگە کە شەهید بوو و لە بیر کرا ، ئیتر لە ماڵەکەیدا چی دەست دەکەویت ، بۆ بردن و تالان کردن . ئەمە زۆرتر ڕقیانی هەڵساند . بە بێ دڵسووتان و بەزەیی ئاگریان لە خانووەکە بەردا . ئەوەی پێم کرا ئەوە بوو کە ،کردم بە هووشیاری کورمداو ژوورەکەم بەجێهێشت . رام کرد بەرەو دەرگای دەرەوە .

هێز لە ئەژنۆکانمدا بڕابوو. ترس سەرتاپی لەشمی داگرتبوو. بە پاڵ دیواری حەوشەکەماندا دانیشتم.کۆرپەکەم توند گووشارد بە خۆمدا.

بۆ ئەوەی لە گریان راوەستێ و سرنجی هێرشکەران رانەکێشی، مەمکم خستە دەمیەوە. کتوپڕ بێدەنگ بوو.

تالانکەران لە دەرچووندا بوون کە یەکێکیان ئاوەڕی دایەوە. من و هووشیاری بینی. هاورێکانی بانگ کرد.

هەر چوواریان بە دەورماندا ڕیزیان بەست و چاویان بڕیە من و کورپەکەم. لە شەرماندا بە چمکێکی کۆڵوانەکەم سینەی خۆم و سەری کۆرپەکەم داپۆشی.

ئەوان بێدەنگ راوێستابوون. منیش دەپاڕامەوەو خودا و پێغەمبەرو هەموو شێخ و ئیمامەکانم هێنابووە تکا بۆ ئەوەی زیان بە کۆرپەکەم نەگەیەنن.

بێدەنگییان کەمێك دڵخۆشکەر بوو . وامدەزانی دڵیان پێمان دەسووتی و پەشیمانن لەوەی خانوەکەمانیان سووتاندووە . نەمدەزانی بێدەنگی پێش رەشەبایەو بیرکردنەوە لە دانانی پیلانێکە بۆ کووشتنی کۆرپەکەم ، کە ئەوەندە بێبەزەییانەو قێزەوەن بێت کە بەر لەوە لە جیهاندا رووی نەدابێت و بێ شێوەو بێ وێنە بێت .

لە ناکاودا یەکێکیان کە کەمێك کوردی دەزانی گووتی:

تۆ دایکێکی باش نیت . چۆن وا شیر دەدرێت بە منداڵ . بە بیستنی ئەو وشانە زۆرتر دڵم خۆش بوو و هەستم بەوە کرد کە بەزەیی پێماندا هاتبێت .

کردی بە باڵی هووشیارداو لە سەرگازی پشت کووتای بە زەمیندا . ئازاری پێگەیشت و دیسانەوە بەر بووە گریان . ویستم خۆمی بدەم بە سەردا . هەمان کەس بە پێلەقەیەك منی فرێداو گووتی:

تەماشاکە ، من فێرت دەکەم چۆن شێر بە منداڵ بدەیت .

لوولەی تفەنگەکەی خستە دەمیەوە . هووشیار وایزانی مەمکی منە . گرتی و بەربووە مژینی . هەموو کەوتنە پێکەنین . لە کاتێکدا هەمووومان تەماشای هووشیارمان دەکرد ، داگیرکەرە بێویژدانەکە پەنجەی نا بە بەلەپیتکەی تفەنگەکەیدا . تەنیا ئاگام لە دەنگی تەقەکە بوو . ئیتر دڵم بوورایەوەو ئاگام لە خۆم نەما.

کە چاووم کردەوە تەنیا تەرمە بێ سەرەکەی هووشیارو وردە ئێسك و گۆشتەکانی سەریم کەوتە بەر چاوو .

خوێنە گەشەکەی هێشتا هوڵمی لێ بەرز دەبوەوە . داگیرکەران رۆیشتبوون . منیش هیچم پێنەکرا ئەوە نەبێت بەم شێوەیە کە دەبینن ، تەرمەکەی بخەمە باوەشم و پارچەکانی سەری بخەمە نێو دەستەکانم ،

تاوەکوو فریشتەکان ببینن و هەواڵی بە سەرهاتەکە بگەیەنن بە خوداوەند .

کە زەردەخەنە دێت بە سەر لێوەکانمدا ، بۆ ئەوەیە کە هووشیارو باوکی دەبینم باوەشیان لە یەکداوەو پێکەوە خەریکی یاری کردنن .

کە پیاڵەی چاوەکانم پڕ لە فرمێسک دەبن ، بۆ ئەوەیە کە دەڵێم ، دیارە منیان خۆش نەدەویست ئەگینا چۆن تەنهایان بە جێدەهێشتم .

کە بیر دەکەمەوە ، بۆ ئەوەیە کە هووشیارم ، دەم و سەری پێوە نەماوە ، ئەگەر گریا ئەمجارەیان چۆن شیری بدەمی .

کە دەبینن لە چاوەڕوانیدا ، دانیشتووم ، بۆ دیتنی ئەو ساتەیە کە خوێنی غیرەت لە رەگی کورداندا بێتە جۆش و بیر لە تۆڵەی هووشیارم بکەنەوە .

**<u>لە زنجیرەی، لە پێناوی شەرەفدا :</u>**

□

# زریکەی دووهەم

□

کە خوداوەند ژنی درووست کرد ، مەبەستی ئەوە بوو کە بەو هوونەرەی لە درووستکرودنیدا بە کاری هێنابوو سروشت بڕازێنێتەوەو جوانیەکی زۆرتری پێببەخشیت .

بە تێپەربوونی زەمان نایارانی خودا ، لە پێناوی مەبەستی تایبەتی خۆیاندا کەوتنە ئەوەی کە ئەو هوونەرەی لە چاووی ستایشکەرانیدا بشارنەوە . بەو هۆیەوە بە بیانوی پاراستنی لە چاوە برسیەکان و ڕیزلێگرتنی بە نێوی دروستکەرەوە بڕیاریان دەرهێنا کە ئەو تابلۆ جوان و شاکارە داپۆشرێت . لە نێو چووار دیوارییەکدا، زیندانیان کرد . تەنیا بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بە کاریان دەهێنا . لە کاتێکدا ئەگەر وابوایە

خودی درووستکەر دەیتوانی لە کاتی لە دایك بوونیدا چەند گەزێك قوماشیشی لە گەڵدا ڕەوانە بکات یا لە راستیدا بەو شێوە جوان و سرنج ڕاکێشەرە دروستی نەدەکرد .

ئەم بەسەرهاتە بە تەواوی وەکوو کرداری هونەرمەندێك دێتە بەرچاوو کە تابلۆیەکی بێئەندازە جوان و بێهاوتا بکێشێت و لە بریتی ئەوەی لە پیشانگایەکدا بیخاتە بەر چاووی تەماشاکەران تا دەست و پەنجە خۆشی لێبکەن و ستایشی کارەکەی بکەن ، پاش تەواو بوونی ، تابلۆکە بە پارچە پەڕۆیەك دایبپۆشێت و لە ژێر زەمینێکی تەنگ و تاریکدا بیشارێتەوە . بێگومان بە هونەرمەندی وا لە شێت بەولا وە هیچ شتێکی دیکە ناگوترێت .

****

ڕاستە ، راستە ، ڕاستە ئەوەی دەیڵێی ، راستە بەڵام رێچارە ، ڕێچارە چیە ؟

هەستایە سەر پێو بە توورەییەوە گۆڤارەکەی فڕێدایە سەر ئەو کوورسیەی کە لە سەری دانیشتبوو .

بەرەو ژوورەکەی دایکی کەوتە ڕێ و لە بەر خۆیەوە دەیگوت:

قسە ، قسە ، نووسین ، نووسین تەنیا بە نووسین و هیچی تر . کێ نالێ تۆیش **کاکی** نووسەر، هەمان کار بە خوشک یا کچ و ژنەکەی خۆت ناکەیت ،کە بە ئێمە دەکرێت .

لە ناکاوداو بە پەلە گەڕایەوە . کردی بە گوڤارەکەداو خستیە بن باڵی و گووتی:

باش بوو لە بیرم نەچوو ، ئەگینا سەرم لە لەشم جوودا دەکرایەوە ئەگەر بکەوتبایە بەر چاووی باوکم یا کاکم .

لە دیوار دەرهاوسێکەیان نزیك بووەوە . ملێکی بەرزکردەوە ، سەرێکی راوەشاند و لە بەر خۆیەوە گووتی:

ئەویش نەهاتووەتەوە ، چیدەبوو کوورِانیش وەکوو کچان تا تەمەنێك برِۆیشتبانە قوتابخانەو لە پاشان لە ماڵدا زیندان بکرابان. ئەوجا، هەموو ساتێك دەمبینی .

خۆیکرد بە ژوورەکەی دایك و باوکیدا . لەچکەکەی لە سەر کردەوەو تورِی هەڵدا بەلایەکی ژوورەکەدا . رووبەرِووی ئاوێنەی کەنتورەکە رِاویستا . دەستێکی هێنا بە قژەکەیدا :

درێژ ، رەش ، نەرم ، خاوو بیرقەدار ، بەڵام بە کەڵکی چی دیت ؟ دەڵێی لەعنەت لە شەیتان بکەم و لە بنەوە بیبرِم . بەڵام نا ، نا ، باشترە بمێنی .

لە تۆی دەستەکانیدا کۆی کردەوە ، بەرزی کردەوە ، بایەکی خووارد . جارێك بە شانی رِاستیدا ، جارێکیش بە شانی چەپیدا شۆرِی کردەوەو خۆشی بەملاو ئەولادا سوورِانەوەو یەك دوو جاریش دەستی

هێنا بە سینەو ناوقەدی خۆیداو سەر تا پێی خۆی رووانی .

لە کاتێکدا دیسانەوە لە گەڵ ئاوێنەکەدا کەوتبووە قسەکردن و باسی جوانی لەش و ئەندامی خۆی بۆ دەکرد ، باوکی کردی بە ژووردا . لە ترساندا بە شێوەیەك سەری لێشێوا کە کتوپڕ پەلاماری لەچکەکەی داو قژەکەی پێدابۆشی . لە بیری کرد باووکیەتی و لە ژوورێکی بەستراودایە .

باوکەکە پرسی لە گەڵ کێدا قسەت دەکرد ؟

سەیران: لەگەڵ خۆمدا .

نەمدەزانی لە علم الابدانیش (ئەندامی لەش ناسین ) سەردەردەکەیت .

سەیران سەری دانوواندو بە هێواشی ژوورەکەی بە جێهێشت .

باوکی گوێی لە هەموو قسەکانی گرتبوو . جم و جۆلەکانیشی بینیبوو و تووکەکانی لەشیشی ببوون بە

درك. چاووەکانی گڕی ئاگریان دەباراند. بەڵام ئەمجارەیان خۆی پێڕاگیراو دەستی لە سەیران بەرز نەکردەوە.

ئاوێنەکەی دەرهێناو لە دەرگای ژوورەکەوە فڕێیدا بۆ ناوەڕاستی حەوشەکە.

جووڵە لە سەیرانەوە نەهات و خۆشی پێی پیشان نەدا.

باوکی لە ماڵ دەرکەوت.

سەیران، خەریکی کۆ کردنەوەی شووشە شکاوەکان بوو کە دایکی کردی بە ژووردا.

ئەی ڕوو سەیران ئەم شووشانە چین؟

ئاوێنەی کەنتورەکەیە؟

مەگەر باوکت هاتبووەوە؟

دیسان بەرامبەر ئاوێنەکە بوویت؟ چەند جارم پێ گووتی، بەسە، وازبێنە. خۆت مەدە بە کوشت.

****

چەند رۆژێک تێپەڕی . تەڵەکانی قژی لە تۆی لەچکەکەیەوە بە سەر دەم و چاویدا شووڕبوونەوە . لە ئاووی حەوزەکەی نێوەڕاستی حەوشەکەیاندا خۆی رووانی و دەستێکی هێنا بە لەچك و قژو دەم و چاویدا .

براکەی ئاووی حەوزەکەی وشك کرد .

ئەمجارەیان خەمی نەخواردن . چوونکە ماوەیەك بوو لە ئاوێنەی چاووی کوڕە لاوەکەی دەرهاوسێیاندا تەماشای خۆی دەکرد و ئەو باسی جوانی ئەمی بۆی دەگێڕایەوەو ئەم بە پەنجەکانی ئەو قژەکەی خۆی دادەهێنا . ئیتر نیوەڕوانیش لە سەر کوورسیەکە ، لە سێبەری پاڵ دیواری دەرهاوسێکەیاندا دانەدەنیشت . لە سەربانی خانووەکەیاندا، لە پاڵ سێبەری یەکتردا خۆیان دەشاردەوە .

جاروباریش زریکەیەکی دەکرد و پیرەژنەکەی دەرهاوسێی ئەوولایان بە ئاوەسینەکەی دەمی خۆی

دادەبۆشی تا دەنگی هەناسەی خۆشی پێکەنینی نەگات بە گوییان ، بترسێن یا شەرم بکەن و ئیتر واز لە هاتنە سەربانی نیوەڕوان بهێنن .

هەر ئەو دەرهاوسێیەبوو کە بە پۆلیسەکانی گووت:

ئەم دوو پەپوولە ناسکە بێگوناهە تاوانیان چی بوو کەوای بە سەریان هێنا . دەتگووت بولبل و گووڵن کە بە پاڵ یەکەوە دادەنیشتن. بە دڵێکی پاکەوە یەکتریان خۆشدەویست . ئەگەر خۆشەویستی گووناه و تاوانە خودا بۆچی دروستی کرد ؟ ئەوان مەبەستیان خراپ نەبوو. من چەندین جار گوێم لێبوو کە کووڕەکە، دەیگووت:

هەرکە قوتابخانەم تەواوکرد ، بە بابم دەڵێم لە بابت داخوازیت بکات. ئەمرۆش بە هەمان شێوە ، پێکەوە دانیشتبوون، قسەیان دەکرد ، نەخشەیان بۆ پاشە رۆژ دەکێشا . من بە زۆر گوێم لە زریکەی

یەکەمی بوو ، ئەو زریکەی خۆشیەی کە هەموو رۆژ دەیکرد . ئیتر نازانم ئەو خودا نەناسەی باوکی چۆن لە خوارەوە گوێی لە دەنگی بوو . نازانم چۆن وا بە پەلە خۆی گەیاندە سەرەوە بێ ئەوەی ئەوان پێی بزانن و فریای خۆیان بکەون و چۆن وا کووتووپڕ هاتە دەست و کاری خۆی کرد .

لە کاتێکدا تەرمەکانی سەیران و کوڕەکەی دەرهاوسێیانیان، بەرەو ئۆتۆمبیلی فریاکەوتنەکە دەبرد ، باوکی سەیرانیش دەست لە پشتەوە بەستراوو بەرەو ئۆتۆمبیلی پۆلیس ، هەر ئەو پیرە ژنەی دەرهاوسێیان بوو کە بەری لە باوکی سەیران و پۆلیسەکان گرت و بە دەنگێکی بەرزەوە، لەبەر چاووی خەڵکی گەڕەکەکە، گووتی:

حەمید ، زۆر چاک گوێ بگرە . ئەو دوو بەستە زمانە یەکتریان خۆش دەویست و بە تەمای ئەوە بوون بە یارمەتی و بڕیاری تۆ ، تا چەند مانگێکی دیکە،

ژیانی ژن و مێردی درووست بکەن ، بەڵام تۆ بەم کارە ناڕەوایەت ئەوانت ئارەزوو بە خاك كردو واتزانی بەم کارەت شەرەف و ئابڕووی خۆت پاراست ، بەڵام لە ڕاستیدا ئابرووی خۆت برد ، ئەگەر سەد ساڵی دیکەش پێکەوە بووایەن نە کەس پێیانی دەزانی و نە ئابرووی تۆ دەچوو . بەڵام ئێستا ئەگەر سەد ساڵیش لە زینداندا بەریتە سەر ، لە کاتی ئازاد بوونتدا خەڵکەکە دەڵێن ، ئەو پیاوەی کە کچەکەی خۆی لە باوەشی کوڕێکدا کووشتبوو لە زیندان ئازاد کرا .

# ڕازی مەڕێ

بە دوو چاووی سەد لە سەد جیاوازەوە تەماشای یەکتر دەکەین. ئێمە مەڕو چاوو لە دەستی شووانەکانمان و گوێ بۆ فیکەیان شلکەرو مل کەچی فەرمان و ئاماژەی گۆچانیان. ئارام بمانبەن یا بە پەلە، یەك لە دوای یەك یا پەرتوو بڵاو، بۆ شوێنی خۆش ئاوو هەوا یا ناخۆش، فێنك یا گەرم، سەوز یا وشك، وەك گووتم ملکەچ و فەرمانبەرین. زۆریش ڕێزیان لێدەگرین.

بەڵام ئەوانی شووان، بە چاوێکی دیکەوە دەڕواننە ئێمە، لە گەڵ ئەوەشدا زۆر چاك دەزانن ئەگەر ئێمە نەبین، ئەوان هەرگیز نابن بە شووان و بە بێ نێوو نیشان دەمێننەوە، بەڵام وا ڕێککەوتووە کە بە سەر شان و ئێسك و کەللە سەری ئێمەدا هەنگاو بنێن

و بەرز ببنەوەو وەکوو شوانێکی نێودارو بە هێزو توانا پێ بنێنە گۆڕەپانەوەو خۆیان بە خەڵکی گووندەکان بناسێنن .

تاوەکو نەبوون بە شووان، بە دەیان جار دەست بە سەرو پشتماندا دەماڵن و قسەی خۆشمان بۆ دەکەن , بەڵام کە بوون بە شووان ببڕاوبڕ، نە نازێک دەمێنێت و نە دەست بە شان و ملدا هێنان.

بەیانیان کە لە ماڵ دەردەچین، یەکەمین دیمەن چاوومان پێدەکەویت و ڕووبەڕووی دەبینەوە، گۆچانەکەی ئەوان و سەرو کەللەی ئێمەیە.

یەکەمین دەنگێ گویمان لێیدەبێت گڤەی پەڵە بەردی ئەوان و قیڕەو جنێودانیانە .

پاش ماوەیەکیش لە بازنەیەکی تەنگدا کۆمان دەکەنەوەو لە ناکاودا فەرمانی بەرێ کەوتنمان بۆ دەردەهێنن. هەرگیز مافی ئەوەمان نیە بەو ڕێگاو شوێنانەدا بڕۆین کە خۆمان بە باشی دەزانین و پێمان

خۆشەو بە گوێرەی دڵمانە ، بەڵکوو ، بە ڕێگایەکدا کە ئەوان پێیان خۆشەو خۆیان تێیدا هەست بە ئارامی و ئاسایش دەکەن و لێیدا ماندو و وەڕس و بێزار نابن ، بە دووای شوێنێکدا دەگەڕێن ، کە دیمەنەکەی بۆ خۆیان جوانتر بێت و سێبەرەکەی زۆرتروو باکەی فێنکترو شنەی خۆشتر ، تاوەکو بتوانن باشتر پشوو بدەن و بلوێن لێبدەن و جاروباریش وەك خۆیان دەڵێن چاوویێك گەرم بکەن . ئیتر بەلایانەوە گرنگ نیە ، بۆ ئێمەی بەستە زمان سەوزە گیا هەبێت یا نەبێت ، ئاوودار بێت یا بێئاوو . گوێی پێنادەن ئەگەر پڕ لە مەترسی بێت ، یا ، نەبێت ، چونکە دڵنیان لەوەی کە گورگ تا گۆشتی کارو بەرخ هەبێت ، بە شوێن گۆشتی شوواندا ناگەڕێت و ددانی بۆ تیژ ناکات و گیانی خۆی ناخاتە مەترسیەوە ، جگە لەوەی جێ و شوێنی شووان ، هەمیشە دوورە لە مەترسیەوە.

سەر لە ئێواران هێشتا هەتاو چەند ڕم بەرزە بە ئاسمانەوە، دەماندە بەر پەڵە بەردوو دیسان دەکەوونە پێشمان و بەرەو گووند دەمانگەڕیننەوەو دەڵێن تاریك داهات، ئیتر چاوومان نابینێت و ڕێگاش دوورو درێژەو پڕ لە بەرزی و نزمی و دێو درنج و گورگ و چەقەڵ.

ئەوەی سەر سوڕێنەرە، بەر لەوەی لە گوند نزیك ببینەوە، لە پاڵ گردێکدا یا پێچی ڕێگایەکدا، ڕامان دەگرن و دیسانەوە لە بازنەیەکدا خڕمان دەکەنەوەو هەڕەشەمان لێدەکەن بۆ ئەوەی دەنگمان لێوە دەرنەچێت، تا خەڵکی گووند لە زووگەڕانەوەمان ئاگادار نەبنەوەو بەو هۆیەوە لۆمەیان نەکەن. جارو بار ئەگەر یەکێکمان پێ لەو سنوورە دەرکەین کە ئەوان بۆمان ڕادەکێشن، یا لە ڕەفتارو کرداریان دڵتەنگ ببین، یا ئەو شوێنەی بۆمان تەرخان دەکەن بە دڵمان نەبێت و کەمێك گرژی بهێنینە سەر ڕوومان، کاریکمان

پێدەکەن نە گورگ دەیکاو نە ڕێوی و بە دەیان تانەی ناڕەواو ناشرینمان بۆ هەڵدەبەستن ودەکەونە پیلان و نەخشە کێشان بۆ لە نێو بردنمان . وەختی هاتنی گورگ و چەقەڵ دەزانن ، هەندێ جار بەر لەهاتنیان رێگە، بەوانەمان دەدەن کە جارو بار لێیان یاخی دەبین تاوەکوو لە ڕانەکە دوور بکەوینەوەو ئەو ئاژەڵە دڕندانەی کە ددانەکانین بۆ خواردنی ئێمە تیژ کردووەو چاوەڕوانی هەلن ، بە ئاسانی و بە بێ ترس پەلامارمان بدەن و لەت لەتمان بکەن. بۆ دڵنیاکردنی ئاژەڵە دڕندەکانیش لە نەبوونی مەترسی ، خۆیانمان لێ دوور دەکەنەوەو لە شوێنە دوورەکەیانەوە پاش لە نێوچونمان دەکەونە هاوارو قیژەو ئەگەر خەڵکیش بپرسێت بە شێوەیەکی ئەوتۆ بەسەرهاتەکە دەگێڕنەوەو دەست و باڵ ڕادەوەشێنن و ڕەنگیان زەرد و سوور وەردەگێڕن کە دەڵێی پاڵەوانانە بەرانگاپی و شەڕیان لەگەڵ هێرشهێنەراندا کردووە و تا توانیویانە دژیان

راوێستاوون و چەند دڵۆپێکیش فرمێسکی درەوین دەڕێژن. خەڵکی دڵپاکیش باوەڕیان پێدەکەن و فریویان دەخۆن و بەزەییان پێیاندا دێت.

جاروباریش وایان لێدێت خۆیان دەبن بە ئاژەڵێکی دڕندەو لە کاتی تووڕە بووندا بەرامبەر بە هەندێک، لە داواکانمان، یا لە کاتی ماندوبوون و هەست بە بێتوانایی کردندا، ئێسك و گۆشتمان دەهەنجێنن و تێکەڵ بە یەك دەکەن و زیندوەکانمان سەد رەحمەت لە گورگ و چەقەڵ شێرو پڵنگ دەکەین. هەندێ جاریش وا ڕوویداوە هەندێکیان لە نیوەی ڕێگادا بە جێمانیان هێشتووە، بە هۆی دەوڵەمەندی و بەرباخەڵ پڕ بوونەوە یا لە بەر بەڵێن دانیان بە ئاغای گووندەکانی دیکە بۆ ئەوەی شووانییان بۆ بکەن یا بە هۆی وەڕس بوون و بێهێزیەوە، بوون بە هۆی پەرت و بڵاو بوونەوەمان، بەم گووندو ئەو گووندا یا ون بوون و لە نێوچوونمان، ئەگەر خەڵکیش لێیانی پرسی بێت،

بۆچی وازیان هێناوە، سەدان بەڵگەو بیانووی جۆراوجۆریان هێناوەتە سەر زمان. لە پاشدا بە ژیان لە گونددا بەسەندەیان نەکردووە و بە جێیان هێشتووەو بەرەو شارە خۆشە گەورەکان کۆچیان کردوەو بەو پارەو پوولانەی بە خوێنی ئێمە کۆیان کردووەتەوە ژیانی شاهانەیان بۆخۆیان و خاوو خێزانیان درووستکردووە.

لە ڕاستیدا هۆی هەمیشە دووپات بوونەوەی ئەم بەسەر هاتە خەمناك و دڵتەزێنانە، ئێمە خۆمانین، خۆمان تاوانبارین و خۆمان گوناهکار، چوونکە لە لایەکەوە گوێ داخراوو، زمان بەستراوو، چاوو دابۆشراوو شوێنیان دەکەوین و مل کەچی فەرمانەکانیان دەبین و بڕیارەکانیان بە جێدەهێنین، لە لایەکی دیکەشەوە، ئەو هێزو تواناو دلێرییە، لە خۆماندا ناهێنینە بوون کە خۆمان مافی هەڵبژاردنی شووانەکانی خۆمانمان هەبێت.

بۆیە، هەتاهەتایە، سەروو چاووی ئێمەیەو چەپۆک و مشتی ئاسنینی ئەوان.

# شووتی خوێناوی

دوو ساڵ بوو رژێمی پادشاهی تێکشکابوو و عراق ببوو بە کۆماری. لەو شەقامەدا کە نێوە کوردییەکەی دەبێت بە جادە چاڵەکە، دوو کۆڵان خووارترلە مەزارەکەی إمام أحمدی کەرکووک، بە بێ ئەوەی خۆی تێک دابێت و تەماشای ئەم لاو ئەو لای خۆی کردبێت، دەمانچەکەی لە باخەڵی دەرهێناوەو راستەو خۆ و زۆر لە نزیکەوە دوو گوللـەی ناووە بە سەر دەروێشە پیرە قژ درێژەکەوە.

چەند خوولەکێک پاش ئەوەی خۆرئاوا بووبێت، لە کاری کرێکاری، گەڕاوەتەوەو شووتییەکیشی تووند گووشیوە بە باوەشیدا نەوەکوو بەربێتەوەو خەونی منداڵەکانی نەیەتە دی، چوونکە یەک مانگ بووە ژنەکەی پێی گووتوو بوو:

پیاوەکە، بۆنی شووتی دەرهاوسێکان ئاووی لەش و چاووی منداڵەکانیان وشک کردووە، ئەگەر خوای

کردوو رۆژێکیان کارت دەست کەوت، ئەو ئارەزووەیان بهێنەرە دی و شووتییەکیان بۆ بکڕە.

ئەو رۆژە لە دووای نوێژی بەیانی، کەوتووەتە رێ بۆ مەیدانی کار، کە لە بەرامبەر چایخانەکەی أحمد ئاغا بووە لە کەرکووک و ئەو رۆژەش کارێکی بە نیو دینار دەست کەوتووەو و زۆریش دڵشاد بووە بە کڕینی شووتیەکە.

خۆی و شووتییەکەی باوەشی، خڵتانی خوێنی سوور بوون. نا هەر خودای ئاسمانەکان، بەڵکوو خەڵکانی گەڕەکەکەش بکووژەکەو کووژراوەکەو رووداوەکەشیان بە چاووی خۆیان بینیوەو دەستخۆشی و ئافەرینیشیان لە بکووژەکە کردووە، بەڵام خوای ئاسمانەکان بێدەنگ بووە.

سەرۆکی دادگا، کە بە دیوارەکەی پشت سەریدا لە تابلۆیەکدا نووسرابووە - ئەگەر داوەریتان کرد لە نێوانی خەڵکدا، راستپەروەرانە بیکەن- چەکووشەکەی کوتاوە بە سەر مێزەکەی بەر دەستیداو گوویەتی:

کوژراو کە تا ئێستا، نێوە راستەقینەکەیمان بۆ ئاشکرا نەبووەو تەنیا لە جل و بەرگەکانیدا زانیومانە کە کوردە و لە کەلە رەقەکانە، ویستوویەتی شووتییەکی زل و زەبەلەح و رەق و تەق بکووتێت بە سەر مرۆڤێکدا کە تەنها پێی گووتووە، "ئەو شووتییە چەند زەبەلەحە."

ئەویش لە تاووی گیانی خۆی و لە پێناوو رزگار کردنی خۆیدا لە مردن، دەمانچە پسوولەدارەکەی دەرهێناوەو ویستوویەتی دوو گووللە بنێت بە شووتییەکەوەو وردی بکات، بەڵام بە هەڵە، بەر کوژراوە تاوانبارەکە کەوتووەو کووشتوویەتی.

کوژراو، ئەگەر زیندووش بمابایەو دەستگیر بکردرابایە، سزای هەر کوشتن و لە سێدارەدان، دەبوو، بەرامبەر ئەو هەوڵە درندانەیەی کە داوویەتی بۆ کووشتنی مرۆڤێکی بێتاوان.

بۆیە، بڕیارمان دا بە نێوی خوداو نێوی لێژنەی دادپەروەرانەوە، نە تەنها بە ئازاد کردنی ئەم مرۆڤە بێگووناهەی نێو قەفەسی تاوانباران، بەڵکو رێز لێنانی و

بەرز نرخاندنی کارەکەی کە بە جێهێنانی فەرمان و بڕیاری دادگا راستپەروەرەکەمانە.

کۆتایی دادگایی....

دەنگی چەپڵەی ئامادە بووان و فیکەو هەڵهەڵەیان هاڵەکەی هێناوەتە هەژاندن.

# خەونی کۆرپەیەکی لە دایک نەبوو

سەرزەمێنێکی پان و پۆڕ، دەوڵەمەند بە سامان و کانزای خودادادی. دوو برِ، چەتەی، رێبڕ، رێ لە هەموو کاروانێک دەگرن و رووتیان دەکەنەوە، جاروباریش بە گژی یەکدا دەچن. بەڵام، کە بەرژەوەندییان دەکەوێتە مەترسییەوە، رابووردوو لە بیر دەکەن و دەست لە دەست دەنێن، بە هاوبەشی دەکەونە تاڵان کردنی وڵات. سیستەمی ئابووری کە هیچ، دەسەڵاتی سیاسیش داگیر دەکەن، دەبڕن و دەدڕن و دەدوورن. دەکەوەنە لیژنە درووستکردن، لیژنەی زمان بڕین، لیژنەی دەنگ دامرکاندن، لیژنەی چاوو دەرهێنان لە پێناوی نەدیتنی راستییەکاندا، لیژنەی گوێ کەڕ کردن، لە پێناوی رێگرتن لە بیستنی ناڵەو گریانی بێکەسان و ستەملێکراوان، لیژنەی پشتیوانی لە گەندەڵی و

گەندەڵکاران، لیژنەی داگیرکردنی زەمین و باخ و کێڵکەکان و هتد.....

مندالّەکە لە داییک دەبێت، خەونەکە دەبچڕێت و بە نیوەچڵی دەمێنێتەوە..... دامەزراندنی لیژنە بەردەوامە.

پرسیار: تاکەی؟

وڵام: خەوی ئێمەی لاڵ و کەڕو کوێر خۆش..... با سەری خۆمان بە لێفەکە داپۆشین، دۆشەگەکەشمان نەرمە..... با مندالّێکی دیکە درووست بکەین، تا مندالّە تازەکەش، خەون ببێنێت و چیرۆکەکەمان بۆ تەواو بکات.

# وڵات بە سروودی نێو گەرماوو رزگار نابێت.

لە کتێبی: مانیفیستۆی بیری نەتەوەیی کوردییەوە. هێشتا چاپنەکراوە.

*****

ئەمە چیرۆک نیە و رووداوێکی راستەقینەیە، بە کەمێک، دەستکارییەوەو. ئەفسەرەکەش، مرۆڤێکی لە رچەڵکدا، بلووجستانییە.

*****

لەو رۆژەوە لە هەوارە تازەکەیدا، نیشتەجێ بووە، کە لە ژوورێک و چێشتخانەیەکی بچووک و گەرماوێک و ئاودەستێک پێك هاتووە، ئەو لاوە هەموو بەیانییەکی زوو کە لە خەو هەڵدەستێت، خۆی دەکات بە گەرماوەکەداو بۆ ماوەیەکی دووروو درێژ لە بن دووشەکەدا، رادەوێستی و بە دەنگێکی زۆر بەرزەوە، دەکەوێتە گۆرانی وتن، کە لە راستیدا سروود خوێندن، تا تەواو دەبێت و هەموو رۆژێکیش، هەمان سروود دووپات دەکاتەوە.

من کوردم، کوردستانیم، نە سووریم و نە عیراقی، نە تورکیەیم، نە ئێرانیم.

خانووەکانی ئەو وڵاتەش کە ئەوی تێدا دەژیت هەر وەکوو ئەوە وایە کە بڵێی لە مقەوا درووست کرابێتن، ئەگەر نقەیەکت لێوە بێت دەرهاوسێ دیوار بە دیوارەکەت گوێی لێدەبێت و تۆش ئەوەی ئەوان.

گۆرانییەکانی، دەرهاووسێکانی تەنیشت و سەرەوەو خووارەوەشی وەڕس و بێزار دەکات و نەرمە گفتووگۆ و قسەکردنیش لە گەڵیدا بە کەڵکیان نەهاتووە.

رووداوەکەیان گەیاندووە بە پۆلیس و لە گەڵ دەقی وشەکانی سروودەکەیدا کە گەورەو بچووکی دەرهاوسێکان بە بێ زانینی ماناکەی فێری بوون و لەبەریان کردووە.

بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەو گەڕەکەی ئەوی تێدا دەژی، لێیدەپرسی:

نێووت چییە؟

نێوەکەی دەڵێ.

خەڵکی کوێی؟

بە لووت بەرزییەکەوە دەڵێ:

خەڵکی کوردستانم.

خانمە پۆلیسەکەی پشت کۆمپیۆتەرەکە کە وشە بە وشە وتەکانی تۆمار دەکات لە وڵامی نیگای بەڕێوەبەرەکەیدا دەڵێ:

گەورەم، کۆمپیۆتەرەکەمان، وڵاتێک بەو نێوەوە پیشان نادات و ناناسێت، لە نێو لیستی وڵاتانی جیهاندا.

بەر لەوەی بەڕێوەبەرەکە وڵام بداتەوە، کوڕەکە روو لە خانمەکە دەکات و دەڵێ:

کۆمپیۆتەرەکەتان زۆر کۆنە بۆیە ئەو نێوەی تێدا نییە، بیگۆڕن، یا، کێ ناڵێت لەبەر هۆیەک لە هۆیەکان نێوەکەتان تێیدا تۆمار نەکردووە.

خانمەکە تەنیا تەماشای چاووی بەڕێوەبەرەکە دەکات و بەڕیوەبەرەکەش روو لە کوڕەکە دەڵێ:

وا دەردەکەوێت تۆ لە کاتی هاتندا زانیاری هەڵەت داووە بە سنووروانانی وڵاتەکەمان و بە گوێرەی قسەکانیشت، لاوێکی زمان درێژی و حەزت لە زۆر قسە

کردنە. هەروەها لەبەر ئەوەی کە بووی بە هۆی ئازاروو نا ئارامی بۆ دەرهاوسێکانت، بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتەی کە یاسا پێی داووم بڕیار دەدەم کە، (روو لە خانمەکەی پشت لە کۆمپیۆتەرەکە دەکات):

شەش مانگ زیندانی بکرێت و لە پاشان رەوانەی وڵاتەکەی خۆی بکرێتەوە.

بەر لەوەی کۆڕەکە دەم بکاتەوە، خانمەکە سەر بەرز دەکاتەوەو بە بەڕێوەبەرەکەی دەڵێت:

بەڵام گەورەم بە بەڕێزتانم راگەیاند، کە ئەم کوڕە بێووڵاتە.

بەڕێوەبەرەکە پاش کەمێک بیر کردنەوە دەڵێ:

باشە بیگۆڕە بە، پاش تەواوبوونی، شەش مانگەکە رەوانەی شێتخانە بکرێت.

(روو لە کۆڕەکە دەکات و بەردەوام دەبێت لە قسە کردنداو خانمەکەش خەریکی نووسین دەبێت) تا لەوێدا لە قووتابخانەی شێتەکاندا زۆر باش فێری

ڕاستییە چەسپێندراوەکان ببێت و نەکەوێتە شوێنی خەیاڵات.

ڕوو لە خانمەکە دەکات و دەڵێت:

تا ئێرە بنووسەو ئیتر وشەکانم تۆمار مەکە.

ڕوو لە کۆرەکە دەکات و بەردەوام دەبێت و دەڵێ:

و دڵی بە نێو و نەخشەی سەر کاغەز خۆش نەکات و کار بۆ بە دیهێنانی ئەو خەیاڵانە بکات کە لە مێشکیدایە و لە سەر زەمیندا بیسەلمێنێت، نا، بە قسەی زل و سروود و گۆرانی. ئەو سەردەمە بە سەرچوو، ئێستا کاتی کار کردنە، کار کردنی بە کۆمەڵ. ئەگەر دەتەوێ وڵاتی سەر کاغەزو مقەوا درووست بکەیت ئەوە کارێکی زۆر ئاسانەو دەتوانی بە تەنیایی ئەنجامی بدەیت، بەڵام ئەگەر دەتەوێت یا لە ڕاستیدا دەتانەوێت، وڵاتێکتان هەبێت بە ئازادی و سەربەرزی وەکوو خەڵکانی وڵاتانی دیکەی جیهان لە نێویدا بژین و ئاڵایەکی دانپێدانراووتان هەبێت لە سەر سەرتان بشەکێتەوەو لە بن سێبەریدا بحەسێنەوە و

پاسەپۆرتێکتان هەبێت کە نێوو مۆری وڵاتەکەتانی بەسەرەوە بێت و بە بێ ترس هات و چۆی پێ بکەن، دەبێت بە کۆمەڵ کاری بۆ بکەن. یەکییەتییەک لە نێوانی خۆتاندا بهێننە بوون، جۆگەلەی خۆێنەکانتان تێکەڵ بکەن و بیکەن بە یەک رووبار، تا شەپۆڵەکانی، دوژمنانتان رامالْکێنێت و دەست لە یەخەتان بکەنەوە. پێویستتان بە رابەرە، رابەرێکی دڵسۆز و خەمخواروو بە وەفاو چاوو نەترس و نۆکەری بێگانە نەبووبێت و نەبێت. (کۆڕەکە کە لەو ماوەیەدا واقی وڕماووەو دەمی کراوە ماوەتەوەو هەناسەی پێهەڵنەکێشراوەو بە دیقەت رووانیویەتی، دەمی بەڕێوەبەرەکەو فرمێسکێش لە چاوەکانییەوە بە شێوەیەک بەرەو خوارەوە داچۆڕاوە، کە بە بەڕێوەبەرەکەی سەلماندووە کە چەند وشەکانی تینی لێکردووەو چەند، ئەو و ئەوان تا ئێستا کەم تەرخەمەمییان کردووە بەرامبەر بە خاک و نەتەوەکەیان.) لە هەمان کاتدا، بەڕێوەبەرەکەش بە دیقەت چاووی بڕیوەتە کوڕەکەو دەم و چاووی ئەویش

پیشانی داوە، کە چەند، خەمیشی لێخوواردووەو دڵیشی پێی سووتاوە.

بەڕیوەبەرەکە روو لە خانمەکەی پشت کۆمپیوتەرەکە، گووتوویەتی:

رووداوکە لە بیرکە، فایلەکە داخەو بە ڕێزەوە بینێرنەوە ماڵەکەی خۆێ و خوا بکات کەڵکی لە وتەکانی من وەرگرتبێت و بزانێت کە وولات بە هاواری نێو گەرماوو رزگار نابێت.

# وڵاتی شارە زەردەواڵەکان

## خوێنەری بەڕێز،

ئەمە بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەیەو دروستکراوی خەیاڵی نووسەری و شاعیرانەم نییە. ئەگەر پاڵەوانەکانی ئەم بەسەرهاتەتان ناسی، ئەوا بە هاوبیرانتان، هاوڕێیانتان، کۆرپەکانتان بڵێن:

مرۋێکی کورد بە نێوی یوسف زەنگەنە، دەیگووت:

ترستان نەبێت، لە پێناوی ئازادی کوردو رزگاری کوردستاندا، نە تەنها، دار بکەن بە کوونی شارەزەردەواڵەکاندا، بەڵکوو، دەست بکەن بە کوونی ماروو ئەژدەهاکانداو دەریان بهێنن و لە بن پێدا بیانهەنجێنن، چوونکە لەوە لاوازترن کە بە خەڵکان،دەناسێندرێن.

*****

کۆبوونەوەی تەمەندارانی وەکوو خۆی لە چواردەوریدا، ئەوەندەی بەلاوە خۆش بوو، کە بە دەگمەن ڕوویدەدا لە کاتی بوونیدا لە وڵات، خۆی لەو

جۆرە دانیشتنانە بێبەش بکات. چوونکە تەنها سەرگەرمییەک بوو بۆی و کاتی خۆی پێی دەبردە سەر. دەنگ و باسی سەرەکی و بنچینەییش لە دیوەخانەکەیدا، زۆربەی کاتەکان بە گردی خاڵی رووداوەکانی رابووردوودا دەخوولایەوە، بە تایبەت، رووداوە دڵخۆشکەرەکان. زۆرجاریش گوێی لە قسە نەستەقەکان و نووکتەو چیرۆکە زۆر کوورتەکانی دانیشتووانی دیوەخانەکەی دەگرت، ئیتر کەڵکی لێیان وەربگرتبایە، یا، نا، بە گوێرەیان رەفتارو کرداری بکردایە، یا، نا، لە مێشکیدا رایانی بگرتبایە بۆ سوود لێوەرگرتنیان لە کاتی پێویستدا، یا، نا، ئەوە لە خۆی بەولاوە کەسێکی دیکە پێی نەدەزانی و باسیشی لێنەدەکرد.

ئەوەی سەیرو سەمەر بوو هیچ نەبێت لای منێک کە لە لایەن کەمەوە هەر دوو مانگ جارێک سەردانیم دەکرد، ئەوەبوو کە بە سەرهاتێک، چەند رستەیەک، پەندێک، ئەزموونێک، یا هەر نێوێک ئێوەی بەرێز بۆی

دادەنێن، ببوو بە وێردی سەر زمانی و درووشمی دیوەخانەکەی، کە ئەمەی لای خووارەوەیە:

"خەڵکی ئەو وڵاتە، بە دەوڵەت و لەشکرەوە وەکوو زەردەواڵەن، ئەوەی لە شارەکەیان نزیک ببێتەوە، نە هەر یەک یا دوو بەڵکوو دەیان و سەدان و هەزاران زەردەواڵە هێرشی بۆ دەبەن و تا لە نێوی نەبەن، وازی لێناهێنن.

ئەوجا، ئامۆژگاریتان دەکەم و هووشیارتان دەکەمەوە کە ئەگەر سەلامەتی خۆتان و ماڵ و منداڵ و وڵاتەکەی خۆتانتان دەوێت، نەکەن هەرگیزاو هەرگیز لە وڵاتی شارە زەردەواڵەکان نزیک ببنەوە بە مەبەستی وێران کردنی، چوونکە زەردەواڵە کێنە لە دڵ هەڵدەگرێت و ئەگەر پاش سەدساڵیش بێت تۆڵەی خۆی هەر دەکاتەوە لەو کەسانە یا لایەنانە کە ویستوویانە ئازاریان بدەن، بە هەر شێوەیەک بێت.

دیوەخانەکەی، جگە لە مێوانە هەمیشەییەکانی، زۆرجاریش مێوانی تازەی تێدا پەیدا دەبوو. مێوانە

کۆنەکان راهاتبوون لە گەڵ ئەو وشانەدا، بەڵام تازەکان بە بیستنی هەندێکیان باوەڕیان دەکرد و سەریان بۆی دەلەقاندو هەندێکیشیان کە باسەکەیان بەلاوە هێندە ترسناک نەبوو، لە ژێرەو تەماشای دەم و چاووی یەکتریان دەکرد و زۆر چاکیشیان دەزانی کە کەش و هەوای شوێنەکەو و کەسایەتی خاوەن دیوەخانەکە، بە شێوەیەکە کە ناتوانن لەو بووارەوە بیروبۆچوونی خۆیان بهێننە سەر زمان و دەریببڕن. بەو هۆیەوە کڕوکپ دادەنیشتن و فزەیان لێوە دەرنەدەهات. سەرلەقێنەرانی کۆنیش کە بە دەیان جار ئەو ئامۆژگارییەیان هاتبوو بە گوێدا، ئیتر لە کاتی بیستنیدا، هێندە مچوورکە نەدەهات بە لەشیاندا، یا لەبەر راهاتن، یا، وا نەبوونی باسەکەو ئەوانیش بە هەمان شێوە بێدەنگییان هەڵدەبژاردوو دەستیان دەخستە سەر کڵاوی خۆیان، تا (با) نەیبات.

تەنیا دوو کەس نەبێت لە دانیشتووانی دیوەخانەکە، کە ئەوانیش دوو لە کوڕەکانی خودی

پیرەمێردەکە بوون، بە تایبەت کەمێک بچووکترەکەیان کە هەر جارێک گوێی لە ئامۆژگارییەکانی بابی دەبوو، مچوورڕک کە هێچ، بەڵکو عارەقی شین و مۆری دەکردو نە تەنها هەر دەم و چاووی بەڵکوو لێوەکانیشی وا زەرد هەڵدەگەڕا کە ئەوەی لە نزیکەوە چاووی پێبکەوتبایە یەکسەروو بە بێ چەندوو چوون دەکەوتە فاتحە خوێندن و وایدەزانی ئەو سات و چرکەیە، نا، بەڵکوو ساڵیانێکە گیانی بە خوداوەندی مەزن سپاردووە.

سالّ هات و چوو، لە وڵاتێکی دوور لە وڵاتەکەی خۆیی و هەزاران فەرسەخیش دوورتر لە وڵاتی شارە زەردەواڵەکان، پیرەمێردەکە فەرمانی خودای بە جێهێنا، یا لە راستیدا، پێیان بە جێهێنا و یاخوا، بەهەشتی بەرینی شوێن بێت، بەهەر کامیان کۆچی دووایی کردبێت. ئەوەی شایانە کە بگووترێت ئەمەیە کە خزم و کەسانی ئەو پیرەمێردە بەر لە خۆی چەند جارێک داریان کردبوو بە کوونی شارەزەردەواڵەکانداو شەڕیان پێیان فرۆشتبوو و زۆریشیان تووشی هێرشی لە ناکاووی زەردەواڵەکان

ببوون و تا رادەیەکیش دابوویان پێیانیشەوەو ژار بارانیشیان کردبوون و لەوانە خراپتریشیان بەسەریان هێنابوو.

بەڵام، پێرە مێردەکە هەرگیز لە خۆی نەپرسیبوو، ئەی ئەگەر هێندە ترسناک و بە هێزن، ئەی ئەم و هەندێک لەوانەی شەڕیان بە زەردەواڵەکان فرۆشتبوو، چۆن هێشتا لە ژیاندا ماوون و بەر ڕق و کینەی زەردەواڵەکان نەکەوتوون، دێن و دەڕۆن و دەخۆن و دەشخۆنەوە؟

ئەگەر من وولامی ئەم پرسیارە بدەمەوە بەم دوو شێوەیە دەبێت.

**یەکەمیان**، هۆی لە خۆ نەپرسینی ئەو ترسە بوو کە زەردەواڵەکان لە مێشکیان ئاخاندبوو و لێی دەرنەدەچوو ئەگەر دوونیا سەر وە ژێر ببوایە.

**دووهەمیشیان**، ئەو رزگار بوونەی خۆیی وئەوانەی بەر لە خۆی نەدەهێنایە سەر زمان تا پەندە پێشینانەکەی (زاوا گوێ بگرە بووکە بە تۆمە)کەی

خۆمانی کورد، بسەلمێنێت، چونکە لە ڕاستیدا، ئامۆژگارییەکانی و دووپات و سەدان پات کردنەوەشی بۆ سەرجەم دانیشتووان و مێوانانی هەمیشەیی و کاتی دیوەخانەکەی نەبوو، بەڵکو، تەنهاو تەنها وانەیەک بوو بۆ کوڕەکانی، کە (ماشەڵا تا بڵێی کووڕی زۆربوو، بەڵام تەنها دووانیان، دیارتروو گرنگتر بوون لە چاویدا)، کەدەیزانی پاش مردنی خۆی یا لە کارکەوتنی یەکێک لەو دووە دەبێت بە جێنشینی و دیوەخانەکە دەبات بەڕێوە و بۆ ئەوەی، نەکات لە پاشە ڕۆژدا، بە هۆیەک لە هۆیەکانەوە ئەو یەکە، بکەوێتە بیری شەڕ فرۆشتن بە زەردەواڵەکان یا یارمەتیدانی خەڵکانی نیشتەجێی نزیک لە وڵاتی شارەزەردەواڵەکانەوە و ئەوانیش ڕقیان هەستێت و دیوەخانەکەیان لێ تێک بدەن و تەفرووتووناى بکەن و داری بە سەر بەردەوە نەهێڵن، بۆیە، کوڕەکانی بە تایبەت کەمێک بچووکترەکەیان بەو شێوەیە گوێ ڕایەڵی بابەکە دەبوو کە لە چەند دێڕێک لە سەرەوەتر، کەمێک و بە کوورتی، باسی لێکرا.

چەند ساڵێکی کەم لە پاش مەرگی پیرەمێردەکە، بە هۆیەکی نادیاروو نا ئاشکراو پەنهانەوە کوڕە کەمێک گەورەترەکەشیان کۆچی دوایی پێکراو لە بەهەشتی بەریندا بە تەنیشت بابەکەیەوە جێنشین ببێت، یاخوا.

بەڵام، بە کوردی و بە کوورتی و راشکاووی، کوڕە کەمێک بچووکترەکەیان بوو بە وارثی دیوەخان و تاج و تەخت و سەروەت و سامانەکەی.

ئەوەی سەیرە، ئەم چێنشینە، لەمەڕ وڵاتی شارە زەردەواڵەکانەوە تەنها، بە هوشیارکردنەوەی ئەندامانی خانەوادەکەیان و دەورووبەرانی، بەسەندە ناکات، بەڵکوو ئەوەشی کە بیر لە ئازاردانی زەردەواڵەکان بکاتەوە، ئەم لە بریتی زەردەواڵەکان، بەخۆی پێیەوە دەدات و لە نێوی دەبات. خۆشی نە، هەر، چکووڵ ناکات بە کوونی شارەزەردەواڵەکاندا، بەڵکو بووە بە ئەندامێکی خێزانی زەردەواڵەکان و وەک باسی لێدەکەن، بەبێ ئەوان ئاویش ناخواتەوە کە هیچ و هەموو رۆژێکیش لە هاتووچۆدایە بۆ وڵاتەکەیان، بە بێ ئەوەی

زەردەواڵەکان تخوونشی بکەون لێینزیک ببنەوەو ئازاری بدەن. سەیروسەمەڕیش و کۆڵەباری خەم هێنەرتریش ئەوەیە کە، لە کاتێکدا زەردەواڵەکان هێرش بۆ هاووزمانانی ئەم دەهێنن، ئەم چاوێلکەی رەش لەسەر چاوو دادەنێت و لۆکەش دەتەپێنێتە کوونە گوێکانییەوەو تەڵەی درووستکراوی وڵاتی شارە زەردەواڵەکانیش لە دەمی خۆی دەدات و پەیڕەوی لەو یاسایە دەکات کە دەڵێت،

**"نابینم، نابیستم، نابێژم".**

**نابینێت،** کە هاوونەژادەکانی، دەکوژرێن، هەڵدەواسرێن، پەت لەمل دەکرێن و بە جادەکاندا رادەکێشرێن و پاش شەهیدکردنیان دوور لە هەموو یاسایەک و ویژدانێکی مرۆڤایەتی، دەست درێژی (جنسی) دەکرێتە سەر کیژەکانیان.

**نابیستێت،** لە کاتێکدا رۆڕۆی دایکی شەهیدان گوێی فریشتەکانی ئاسمانیش کەر دەکەن و عەرشی خوداوەندیش دەهێننە لەرزە. **نابیستێت،** کاتێک کە

ناڵەی زندانیانی هاوزمانی لە ژێر ئەشکەنجەدا دیواری زیندانەکان دەخاتە لەرزە، **نابیستن**، کاتێک قیژەی کیژانی هاونەژادی، لە ئاکامی ئەتک کردنی ناموسیاندا، ئەو نەبێت، هەموو ویژدانداران جیهان دێنێتە جۆش و خرۆش.

بەڵام، ئەگەر بێت و زەردەواڵەیەک بکوژرێت، یا بە فەرمـــانی خوداوەندیش بمرێت، ئەم یەک هەفتـــەی تەواو پرســــــــەی بۆ دادەنێت.

ئەوەی سەیرترە، ئەمیش هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە، یا ناهێڵن بیر بکاتەوە، یا نایەوێت بیر بکاتەوە کە، لەوەتەی وڵاتی شارەزەردەواڵەکان درووست بووەو هاتووەتە بوون، هەر خەریکن بە هاوزمانانی ئەمەوە دەدەن، بەڵام هاوزمانانی، هەر ماوون و هەر لە زۆر بوون و پەرەسەندندان، لە سەرکەوتن و بەرەو پێشوەچووندان و بەرەو سەربەخۆیی خۆیان و خاکەکەیان و سەرجەم خاکی کوردستان، دەڕوون و زوو یا درەنگ پێیدەگەن و بە دەستی دەهێنن و دەگەن

بەو ئارمانانەی کە نەخشەیان بۆ کێشاوە، با زەردەواڵەکانیش هەر خەریکی گڤەگڤ بن.

# گووڵەباخێکی سپی

دەزانی، هێشتا هەر گۆرانییە فۆلکلۆری و کۆنەکانم خۆشدەوێ و لە کاتی دڵشادی ودڵتەنگیشدا، گوێیان لێدەگرم.

لە شادیدا شادترم دەکەن و لە دڵتەنگیشدا خەمەکانم دەڕەوێننەوە.

زۆر جاریش فرمێسک بە چاووانمدا دادەچۆڕێنن.

دەزانی مەبەستم کام گۆرانییانەیە، ئەوانە دەڵێم کە لە کاتی تازە یەکتری بینینداو ئاشنا بووندا، گوێمان لێدەگرت، یا لە راستیدا، تۆ لێیانت دەداو من گوێم لێدەگرتن، نا، نا، راستترت دەوێت، هەر لێدەدران، نە من و نە، تۆ، گوێمان لێنەدەگرتن .

**(دەچیت بۆ مەکتەب بم بە لە گەڵ خۆت، بمکە بە قەڵەم بمکە باخەڵ خۆت،)**

ئا ئەمەیانت لە بیر ماوە؟ من لە یادم نەماوە کێ بوو کە دەیگووت، بەڵام ساڵیانێکی دووروو درێژ بە سەر ئەو رۆژەدا تێدەپەڕێت کە بۆ یەکەمین جار پەردەی پەنجەرەکەت بەلادا کشان و کردتەوەو دەنگی تسجیلەکەتانت بەرزکردەوەو بۆ چەند چرکەیەک وەکوو هەتاووی هەڵهاتووی سەر لووتکەی چیاکان خۆت بە من پیشانداو وەکوو هەتاووی ئێواران لە پەنجەرەکەدا ئاوا بوویت، تەنها لە پەنجەرەکەدا، بەڵام، لە بیری مێشکی مندا هەرگیز، نە ئاوا بوویت، نە دەبیت.

دەزانی، تا ئەم تەمەنە، زۆرم لە باسی خۆشی و تام و جوانی و شادی نووسیوە، بەڵام ناتەوان ماووم لەوەی کە بتوانم باسی ئەو چرکانە بنووسمەوە، لە سەر کاغەز، چوونکە هەر چەندە بیری لێدەکەمەوە، تا ئێستا، وشەیەک، رستەیەک، نە لە مێشکی خۆمدا و نە

لە نووسینی گەورەترین نووسەرو شاعیرانی جیهاندا، بۆ نەدۆزراوەتەوە، کە بتوانێت، بەرابەر بێت بە باسی ئەو خۆشییە. بەو هۆیەوە، وازم لە گەڕان و سووڕان بە شوێنیدا هێنا، بەڵام هەستەکەی تا ئەم چرکەیەش سەرتاسەر لەشی داپۆشیووم و دەرمانی هەموو گرفتەکانمەو ئیلهامی شعرو نووسینەکانم. لە بیرمە رۆژێکیان لە کاغەزێکدا، کە ئەوەندەی ئەو قووتووە شقارتەیە بوو کە لە نێویت دانابوو و لە پەنجەرەکەوە بۆت فرێدام کە تێیدا، پرسیبووت:

کام گۆرانییانت بە دڵە، لەوانەی کە بڵاویان دەکەمەوە؟ حەپەسام، پەروەردگارا چی بۆ بنووسمەوە لە وڵامدا، چوونکە هەر کە پەنجەی دەنا بە دووگمەی تسجیلەکەیدا، ئەو هەستە لە مێشکمدا دەهاتە بوون کە خۆیەتی دەمی ناووە بە گوێمەوەو گۆرانیم بۆ دەڵێت و قسەم بۆ دەکات و رەوانەی ئەو جیهانەم دەکات، کە مەستان باسی لێدەکەن و مرۆڤی مەستیش، هەست و هۆشی لای خۆی نامێنێت کە دیقەتی دەورووبەر بدات

یا گویّ رایەڵی وشە یا ئاوازو گۆرانییەکان بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا،بۆتم نووسییەوە:

هەموویان.

پرسیت:

کامیان زۆرتر؟ ئەوە بوو راستییەکەم پیّ گووتی.

زۆر لە چاوەڕوانی قووتووە شقارتەکەدا بووم، کە دیسانەوە، بێت، بەڵام هەر نەهات. وام هەست کرد لێم زیز بوویت. بەڵام لە کاتێکدا دەمویست سوواری بایسکیلەکەم ببم و بە کۆڵەبارێک خەم و پەژارەو پەشیمانییەوە بەرەو ماڵەوەمان بڕۆم لە کاتێکدا کە هەتاوویش دەیدا بە شووشەی پەنجەرەکەتاندا و بریقەی دەهات، لە ناکاودا بریقەکەی بڕاو چاووم لێبوو تۆ بوویت کە شووشەکەت کردەوەو ئاماژەی خۆ لە پەنجەرەکە نزیک کردنەوەت بۆ کردم و گووتت:

منیش هەروا، هەمان هەستی تۆم هەیەو تاوەکوو ئەمڕۆ تاکە وشەیەکیشیانم لەبەر نەکردووەو کە گۆرانیبێژەکە، گۆرانی دەڵێت من لەگەڵ تۆدا دەکەومە

قسە کردن و هەموو بیرو هۆشم لەگەڵ تۆدا دەبێت.

هەناسەیەکی خۆشیم هەڵکێشا و بە وشەکانت شەوێکی درێژی بێخەویت لە پێشمدا گۆڕی بە شەوێکی هێمن و پڕ لە ئارامی و خەوێکی قووڵی لە رادەبەدەر، خۆش.

رۆژی داهاتوو نە پەنجەرەکە کرایەوە و نە تۆ دەرکەوتیت، نە ئاسمانیش لە قووتووە شقارتەیەکدا ئیلهام و موژدەی شادی بۆ دابەزاندم. رۆژێکی درێژی خەماووی و تەماووی و شەوەکەشی بە هەمان شێوە.

رۆژەکەی دووای ئەوەبوو، لە کاغەزی نێو قووتووە شقارتەکەدا، زۆر بە کوورتی، نووسیت :

"مێوانێکی زۆرمان هەبوو، پێم نەکرا خۆمت پێپیشانبدەم و بشتبینم.........، دوێنی چەند لاپەڕەت خوێند؟ "

نووسیمەوەو لە گەڵ بەردێکی بچووکدا کە خستمە قووتوووەکەوە تاوەکوو سەنگین بێت و بەرز

هەڵدانی بۆ پەنجەرەکەتان ئاسانتر بێت: حەفتا لاپەڕەم هەڵدایەوە.....

رۆژی داهاتوو هەینی بوو، کە نەهاتم، لە قووتووەکەی شەموودا، دیسانەوە نووسیبووت و پرسیبووت:

لە مەبەستت تێنەگەیشتم، هەڵدانەوە یانی چی؟ منیش بە تەواوی راستی بەسەرهاتەکەم پێگووتی:

باوەڕ بکە لە کاتی گەڕانەوەمدا کە ژماردم لە لاپەڕی بیستەوە گەیشتبووم بە نەوەد، بەڵام کە مێشکی خۆم تاقیکردەوە، تاوەکوو تاکە وشەیەکیشی لە هیچ گۆشەو کەنارێکی خۆیدا رانەگرتبوو.

رۆژی داهاتوو خەریکی خوێندن بووم، کاتژمێرێکی مابوو بۆ هەڵهاتنی هەتاووی من و کرانەوەی دەرگای ئاسمانی شادیهێنەر، لە رێگای پەنجەرەکەی تۆوە، کە بە تەواووی لە 4 ی پاش نیوەڕۆدا روویدەدا... چرکە ژمێریم دەکرد کە لە ناکاودا، لە پشتی سەرمەوە گوێم لە دەنگێک بوو:

دایکە، دایکە وەرە، تەماشای ئەم گۆڵە باخە سپییە بکە چەند جوانە.

لە سەرەتادا وایبۆچووم، کە کەسانێکی دیکە بن و بەوێدا تێدەپەڕن و چاوویان بە گووڵەکان کەوتووەو گووڵێکی سپی سرنجیانی بەرەو خۆی راکێشاوە . کە ئاوەڕم دایەوە، وامزانی خەونە کە دەیبینم، بەڵام نەبوو. دایکت لە گوڵەکە نزیک بووە. شەرم دایگرتم، سەرتاپی لەشم بوو بە ئاوو، سەرم دانووواندە سەر کتێبەکەم، باوەڕم نەدەکرد وا لە نزیکەوە بتبینم، دایکیشت ئاماژەی بۆ لایەکی دیکە کردوو کەوتە قسەکردن و گووتی:

"تەماشای ئەمانەکە چەند جوانن، ئەمانە تازەن، من بەر لە ئێستا گووڵی وام نەبینی بوو لەم باخچەیەدا."

لە ژێرەوە چاووم لە جموجۆڵەکانت بوو و گوێم لێبوو کە بە دەنگێکی کەمێک بەرزەوە گووتت:

"بەڵام دایکە گیان، ئا ئەمەیان بێوێنەیە، خۆزگە بمتوانیبایە هەلێکەنم ولە گەڵ خۆمدا بیبەم."

کتووپڕ دایکت وڵامیدایەوەو بە نەرمی پێیگووتی :
"نەکەیت گووناهە، گووڵ لەسەر چڵدا جوانە ."

بە سەر ئاماژەی بۆ کردی و گووتی :
وەرە با برۆین، با ئەو کوڕەی کە لەوێ دانیشتووە، لە خوێندن نەکەین، بەم دەنگە بەرزەمانەوە، زۆرجار دەیبینم لە پەنجەرەکەوە. زۆر دەرس خوێنە، خودا (موفق)ی بکات .

لە پێشدا، سەرتاپێ لەشم ببوو بە ئاوو، بەڵام بە بیستنی ئەو وشانەی داکت (غرق)ی دەریایەکی ئاوو بووم. تۆش زۆر بە گەرمی و دیسانەوە بە دەنگێکی بەرزەوە گووتت : إنشاءالله و رۆیشتن .

بەر لەوەی بکەوونە رێ کە چاووەکانم بەرزکردەوەو کەوتە بەر نیگای چاووەکانت شتێکیان پیڕاگەیاندم، بەڵام، زۆر باش لێیان تێنەگەیشتم.

هەر کە لە چاوو ون بوون، راپەڕیم و بەرەو ئەوگووڵانە رۆیشتم، کە داکت ئاماژەی بۆ کردبوون، بە راستی جوان بوون. چەند گووڵەباخێکی تازە پشکتووی

ئامادە بۆ ماچی لێوی بولبولێکی شەیدا. بەروە ئەو گووڵە ڕۆیشتم کە تۆ لە نێو دەستەکانت گرتبوو و نازوو نەوازشت دەکرد، گوڵەباخێکی سپی جوانی زل و گەورە، منیش وەک تۆ لە باوەشی دەستەکانم گرت و چاووەکانم داخست و ئەو هەستەم لە مێشکدا هاتە بوون کە دەستەکانی تۆم لە نێو دەستاندایە، ئارامییەک خۆی چەسپاند بەسەرمدا کە لەوەو بەر هەرگیز هەستم پێنەکردبوو. پەیدا کردنی مانای نیگاکەشت زۆر لە مێشکمدا درێژەی نەکێشاوو ئاڵۆزی نەکرد، چوونکە خۆشی ئەو بیرەی کە دەستەکانتم لە نێو دەستدایە هانیدام کەمێک توندتر گۆڵەکە بگووشم. خرچەیەکی سەیری لێوە هات، چاووەکانم کردەوە، کە تەماشای بکەم، نەکات هەنجاندبێتم بەو گووشینەم، ئەوەی کە بینیم خۆرپەو ترپەو ناڵەی خستە دڵی سینەمەوە. پارچە کاغەزێک لەوانەی کە لە قووتووە شقارتەکەدا وەکوو (وحی) لە ئاسمانەوە، بۆمنت دادەبەزاند، لە نێو دڵی گووڵەکەدا خۆی حەشار دابوو، کە تێیدا نووسیبووت:

**"بڕیارم دا کە ئیتر نەتبینم"**

باش بوو، کە لەو چرکەیەدا دڵم رانەوێستا. بەر لەوەی بەردەوام بم لە خۆێندنەوەدا، سەدان پرسیار بەرەو مێشکم هێرشیان هێنا .

بۆ؟ دەبێ چیم کردبێت؟ بڵێی پێیان زانیبێت؟ ئەگەر زانیبێتیان، داکی بۆ بەو وشە پڕ لە بەزەییانەی لە من دەدوا بە بێ ئەوەی بزانێت من گوێم لێی بووە؟ بیری خۆم کۆ کردەوەو چاووەکانم داگرتەوە سەر کاغەزەکەو دێری دووایم خوێندەوە کە نووسیبووت:

چوونکە منم کە بووم بە هۆێ ئەوەی کە وانەکانت نەخوێنیت و تەنها لاپەڕەکان هەڵبدەیتەوە، بە بێئەوەی شتێکیان لێتێبگەیت.

لە نێوەوە وەکوو ئەوەی کە لە بەرامبەرتدا بم کەوتمە ناڵەو هاوار :

باوەڕ بکە تاوانی تۆ نییە، دەخوێنم لە جاران زۆرتر، تەنیا لێم دوور مەکەوەرەوە، دوورکەوتنەوەت یانی بە یەکجاری واز لە خوێندن هێنان، یانی مردن و

یانی و یانی و یانی... و دیساونەوە بڕیاری تەواو کردنی نامەکەمدا، کە نووسیبووت: "**بەڵام بە مەرجێک**".

کە وشەی مەرجم بینی ترپەکانی دڵم لە ناکاوودا بە شێوەیەک دابەزین، کە هەستم کرد تەواو، دڵم راوێستاو و گیانم بە ئافەریدگار سپارد. بەڵام وا نەبوو، مەرج یانی ئومید، یانی بە کراوەیی مانەوەی رێگایەک، یانی ئەگەرێک و یانی و یانی و یانی...... کەوتمەوە خوێندنەوە کە نووسیبوووت:

**"بەڵام، بەڵێنم بدەیتی کە"**

بەڵێن، هەر بەڵێن، هەزار بەڵێنت دەدەمی هەموو دەرسەکانم لە بەر بکەم، ئەگەر دەتەوێت هەموو کتێبەکانم، هەموو کتێبەکانی دونیا بخوێنمەوە.... هەتا ماووم هەر بخوێنم... هەر بخوێنم.... کەوتمەوە خوێندنی نامەکەت: **وەکو جارانی بەر لە من ناسین دەرسەکانت بخوێنیت و خۆشم، تاقیت دەکەمەوە"....**

تاقی کردنەوە، تاقیت دەکەمەوە، ئەو من تاقی دەکاتەوە..... با جارێکی دیکەش بیخوێنمەوە...

**"بەڵێنم بدەیتی... وەکو جارانی بەر لە من ناسین دەرسەکانت بخوێنیت و خۆشم تاقیت دەکەمەوە "....**
بەڵێ، بەڵێ، هەروایە تاقیم دەکاتەوە، خۆی... ئەو... من... تاقی.... دە.... کا..... تە.... وە، باشە چۆن؟ خۆ تاقیکردنەوە، بە نامەی نێو قووتووە شقارتەکان ناکرێت، خۆ من لە بەر پەنجەرەکەدا راناگرێت و ئەویش لەودیوەوە کتێبەکانم بگرێت بە دەستەوەو پرسیارم لێبکات و منیش وولامی بدەمەوە..... ئەمەیان هەر نابێت. ئەگەر کەسێک بینیمانی؟ خۆ شتی وا لەم سەردەمانەدا، نە هەر تاوان و شوورەییە، بەڵکو کفرەو لە گوناهە گەورەکان..... کەواتە..... مامۆستایەو بە منی نەگووتووە...... بەڵام، نا، وا نیە، خۆی گووتی تەمەنی تەنها یەک ساڵ و نێو لە من زۆرترە، چۆن دەبێت مامۆستا بێت.... و گووتیشی، تەنها یەک پۆل لە ئێستای منی زۆرتر خوێندبوو بەر لەوەی واز لە خوێندن بهێنێت یا لە راستیدا پێی بهێندرێت، چوونکە بابی پێی گووتبوو گەورە بوویت و ئیتر عەیبە دەبێت واز لە چوونە

قوتابخانە بهێنیت... کەواتە مامۆستا نییە... دۆزیمەوە.. دەیەوێت بمبینێت.... بمبینێت... ئای خۆدا گیان، بمبینێت... یانی من ببینێت.... من ئەو ببینم.... یانی...... من و ئەو یەکتر ببینین..... نا .. نا، ئەمەیان هەرگیز روو نادات..... من و ئەو پێکەوە لە شوێنێک لە شوێنەکان دانشین و ئەو من تاقی بکاتەوە.... نەخێر، نە ئەم نامەیە دەستم، نامەی راستەقینەیە، نە بینینی ئەو و داکی.... هەمووی خەو بوو و منیش خەو دەبینم...... بەڵام، خەو نییە، وا گووڵەباخە سپییەکە دەبینم لە گەڵ نەرمە شنەی بادا، لە هەڵپەڕکێدایەو لە من شادتروو رووگەشترە، چوونکە ماوەیەک، بەر لە ئێستا، لە تۆی دەستانێکدا بوو، کە هەرگیز لەوەو بەر نەبووە، تۆ ئەی گوڵەباخە سپییەکە، گوێت لێمە، خەریکم ئێرەییت (حسودی) پێدەبەم، تۆ چۆن لە رووت هات، لەبەر چاووی داکی و من نێو لەپەکانی دەستی ئەو ماچ بکەیت، نە دەبوایە کارێکی وا بکەیت، باوەڕ بکە ئامۆژگارییەکەی داکی نەبووایە، کە گووڵ بەسەر چڵەوە

جوانە، هەر ئێستا هەڵمدەکەندی و هەنجن،هەنجنم دەکردی، نا، نا، گاڵتەت لەگەڵدا دەکەم تۆ خۆشترین موژدەی ژیانت بە من راگەیاند، تۆ بۆیتە هۆی ئەوەی دەستەکانی من لە دەستەکانی ئەو بکەوێت، مەگەر دەستەکانی ئەو تۆیان نەگووشی بە خۆیاندا و منیش هەروا، داوای لێبوردنت لێدەکەم گوڵەباخەکە سپییە ناسکەکە، لێم نەگریت بە دڵ، من تاوەکوو بمێنم تۆم خۆشدەوێت و لە چاوومدا ون نابیت، دەزانی چی نووسیوە لەو نامەیەدا کە لە نێو دڵی تۆدا شاردبوویەوە، نووسیبووی من تاقیدەکاتەوە، یانی من دەبینێت و پێکەوە دادەنیشین، بەڵام، بەڵام، من هەرگیز باوەڕ ناکەم، گووڵەباخە سپییە لە جوانیدا بێوێنەکە، باوەڕ ناکەم. من دەڕۆم، سبەینێ دەتبینمەوە، نەکەی بوەڕیت و ئیتر نەتبینمەوە.

دەزانی، نازدارەکەم، دووامین جار بوو کە تۆم بینی..... هەرگیز لەگەڵیشتدا دانەنیشتم.... هەرگیز تاقیشت نەکردمەوە، تاوەکوو ئەم چرکەیەش کە ئەم

وشانەت بۆ باس دەکەم، لە خوێندنەوەی چەندین هەزار کتێب بوومەتەوەو کە تاقییان کردمەوە زۆرتر لە چووار هەزاریم، بە نێو و ناوەڕۆکەوە لە بیر بوو، بەڵام تۆ هەرگیز تاقیت نەکردمەوە، نزاکەی داکیشت گیرا بوو و لە خوێندندا سەرکەوتم و بەڵام تۆ هەرگیز نە دەست خۆشیت لێکردم نە گوڵەباخێکی سپیشت پێشکەش کردم، نە تۆ منت بینیەوە و نە منیش تۆم بینییەوە و نە یەکترمان بینییەوە، دەزانی بۆ؟

چونکە هەر ئەو کاتەی کە گووڵەباخە سپییەکەت بە جێهێلاو لە گەڵ داکتدا بەرەو شوێنێک کەوتنە ڕێ کە ئێستاش نەمزانی کوێ بوو. لە یەکێک لە کۆڵانەکانی سەر ڕێگەتاندا، لە نێو پەنگاوێکدا، کە لە ئاووی لە جۆگەلەی ماڵانەوە دەرهاتوو، کۆ ببوەوەو زۆرتریش لەبەر کەمتەرخەمی شارەوانی، منداڵێکت بینیبوو، لەش بە لەرزەو بەبێ دەنگ، لە نێو ئاوەکەدا راوێستاوەو گیری کردووە. کە بە ئارامی پرسییارت لێکردووە:

شتێکت لێوون بووە، یا، لە پەنگاوەکەدا، یا گیرت

خوواردووە؟ وڵامت ناداتەوە..... دەڕۆیتە نێو ئاوەکەوەو دەکەیت بە قۆڵی منداڵەکەداو بە توندی رایدەکێشیت و بەرەو وشکاییەکە پاڵی پێوە دەنێیت، زانیوتە کە گرفتەکەی چییە، بەڵام لە بڕیارەکەت و لە هەنگاوەکەت پەشیمان نەبوویتەتەوە و خۆت دەکەویتە لەرزە لەرز و داکیشت کە بەو شێوەیە دەتبینێت، بەرەو تۆ دێت و ئەویش گرفتەکەی تۆی تووش دەبێت، دایکت پێی دەکرێت، کە هاوارێک بکات و خەڵکەکە لە دەرگای ماڵەکانیانەوە سەر دەر بهێنن، بەڵام، بەڵام، زۆر درەنگ، ئێجگار درەنگ، خۆت و داکت کارەبا لێتان دەدات و گیانی خۆتان بە خوداوەند دەسپێرن، بەڵام منداڵەکە رزگار دەکەیت، تا بەسەرهاتەکەتان بۆ دەرهاوسێکان و خەڵکانی دیکەش بە گریانەوە، بگێڕێتەوە.

دەزانی داکت تا چەند کاژێرێکیش لە پاش رووداوەکە، بە زیندوویەتی دەمێنێتەوە، بەڵام تۆ کتووپڕ رەوانت بەرەو ئاسمانەکان دەفرێت و بەرەو بارەگای

خودای عشق و ئەڤین، بەرز دەبێتەوە. دەبوایە هەر واش بێت چوونکە لە راستیداو لە سەرەتادا تۆ بە هەڵە دابەزێندرابووی، مەگەر دەبێت پەریيەکی ئاسمانی دابەزێت و لەسەر زەمينێکی پڕ لە ستەم و نەفرین لێکراودا بژیت، مەگەر دەکرێت فریشتەیەکی بەهەشتی، بەهەشت بە جێبهێلێت و دابەزێت، بۆ ژیان لە نێو بلێسەی ئاگری دۆزەخی رووی زەمیندا. تۆ هەتاوو بوویت، مەگەر دەبێت هەتاوو چەقی ئاسمان بە جێبهێلێت و خۆی دابەزێنێتە رادەی ئەوانەی کە لەسەر زەمیندا دەژین. ئەو ستەمت لێکرابوو، بۆیە بەو شێوەیە ئاوا بۆیت و ئیتر هەرگێز هەڵنەهاتیتەوە.

رۆژی دووایی، وەکو هەموو رۆژەکانی پێشووتر، کە لە قوتابخانە بووینەوە، بە پەلە خۆم گەیاندە باخچەکەو خەریکی دەرهێنانی کتێبەکەم بووم لە جانتاکەمدا و بەر لەوەی لەو شوێنە نزیک ببمەوە کە هەموو رۆژێک لێیدا دادەنیشتم، یا بە رێکردنەوە، دەرسەکانم دەخوێند، لە ناکاودا گویم لە دەنگی (قرآن)

بوو، کە لە پەنجەرەی ژوورەکەی قیبلەگای منەوە دەهات بە گوێدا. دەرگای دەرەوەی ماڵەکەتانم لێ دیار نەدەبوو مەگەر نزیکەی دە مەترێک دوور بکەوتبایەمەوە لە شوێنی دانیشتنەکەی خۆم، کە دەمتوانی هەم کۆڵانەکەتان ببینم و هەم دەرگاکەتان ، چوونکە ئەو شوێنە داری بەرزی تێدا نەبوو کە ببێتە هۆی دیار نەبوونی کۆڵانەکە. دڵم کەوتە لێدانێکی ئەوتۆ توووند، وەک بڵێیت دەیەویست سێنەم بەجێبهێلێت. زۆرتر حەپەسام، کاتێک کە بینیم بڕێک لە پیاوان و ژنانی جل وبەرگ رەشیش راوێستاوون و بە بێدەنگی فرمێسک دەڕێژن. نەمدەزانی چۆن و لە کێ بپرسم چی روویداوە، بەڵام خۆم پێڕانەگیردراو لە پشت (محجرة) ئاسنینەکەوە لە یەکێک لە کووڕە گەنجەکانم پرسی:

ببوورە، کەسێک فەرمانی خوودای بە جێهێناوە لەو ماڵەدا؟

زۆر بە نەرمی و راشکاوی گووتی:

بەڵێ هاوسەروو کچەکەی مام (م) دوێنی کارەبا لێیداوون و کۆچی دواییان کردووە.

دەزانم ئەو وشانەم بیست، بەڵام نازانم دووای ئەوە چی روویدا.

کە چاووم کردەوە لە نەخۆشخانە بووم و دایکم و خۆشک و براکانم بە دیار سەرمەوە بوون، راپەڕیم و پرسیم، چی بووەو ئێرە کوێیەو من چۆن گەیشتوومەتە ئێرە؟ دایکم خۆی هاوێژتە سەرم و گووتی:

کوورِم سەدجارم پێمگووتووی ئەوەندە خۆت بە خوێندنەوە ماندوو مەکە، خوا نەکەران رۆژێک مێشکت دەتەقێت. لە خوا بە زیاد بێت ئەمجارە رزگارت بوو، ئیتر ئاگات لە خۆت بێت.

ئێستاش نەمزانی دوای ئەو پرسیاروو وڵامە لەگەڵ ئەو کوورەدا، چی روویداو چیم بەسەرهات. لە کەسیشم نەپرسی.

ئەوەی دەیزانم، ئەو رۆژە، بۆ دووامین جار بوو کە پێم بە نێو باخچەکەی بەرماڵتاندا کرد. دووامین

جاریش بوو کە بە گەڕەکەکەشتاندا تێپەڕیم، بەڵام، هەرگیز گووڵەباخە سپییەکەم لە بەر چاوو نەکەوتووە و هەر خۆشم دەوێت وێنەی لە دیوارەکانی مێشکمدا نەقشکراوە.

دەزانی ئێستاش کە گووڵەباخێکی بە ئەندازەی ئەو گووڵە باخە دەبینم، تەنها بم، یا، نا، شاد بم یا خەمبار، بەرەو رووی دەڕۆم لە تۆی دەستانمی دەگرم و ئەو هەستەشم لە مێشکدا دێتە بوون کە دەستەکانی تۆن. دەزانی گووڵەباخەکانی هەموو جیهان پیشاندەری جوانی تۆن و بۆنی تۆیان لێوە دێت.

دەزانێ هەرکاتێک گووڵە باخێک وەک ئەو گووڵەباخەم دێتە بەر چاوو، بە بێویست تەماشای نێو پەڕەکانی دەکەم و دەڵێم بەشکوو ئەمە خوایە، لە نێو دڵیدا نامەیەکی لە تۆوەی بۆ من تێدا بێت، ئاخر گوڵەباخی سپی یەکەمین صندوقی پۆستی من بوو.

دەزانی ئەمرۆ ماوەیەکی زۆر دووروو درێژ تێدەپەڕیت بەسەر ئەو رۆژەدا کە دەستە ناسکەکانی تۆ

گووڵە باخە سپیەکەیان لە باوەشگرت و تۆ لەو رۆژەوە، گووڵەباخی سپیت کرد بە قیبلەگای من و خۆتیش بووی بە گووڵەباخی رازێنەرەوەی بەهەشتی خودا، بەڵام من هەر وا دەزانم و هەروا هەست دەکەم، کە ئەمڕۆیەو ئێستا.

چاوەڕوانم بە، بە ڕێوەم. پێم خۆشە بە چەپکێک، گووڵەباخی سپییەوە لە دەرگای بەهەشتدا، لە چاوەڕوانمدا بیت و پێشوازیم لێبکەیت و هیچم پێنەڵێیت، تەنها بە ئاماژەی چاوو، پێمڕابگەیەنە، کە پەڕە ناسکەکانی بکەرەوەو تەماشای نێو باوەشی بکە، کە نامەیەکی تێدایە بۆ تۆ.

بە ئومیدی دیدار.

# من کیم

ـ له ژیانمدا ، به سەرهات ، رووداو ، **هەڵوێست** ، خەم ، ئازار ، **بڕوانامه** ، گەلێك زۆرن كه شانازییان پێوه بکەم بەڵام ، شانازییەك كه ئەو شانازییانه شانازی پێوه دەكەن ئەوەیه كه ، له داییك بووی گەڕەکی **شۆرجەی** کەرکووکی باشووری کوردستانم .

قۆناخەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم له شاری کەرکووك تێپەڕاند . بکالۆریوس و چەندین ماستەرو دکتۆرام له زانکۆی تاران و زانکۆی لەندەنی بەریتانیا به دەست هێناوه .

خوێندنەوه و نووسین له سەرەتای ژیانمەوه ویست و ئارەزووی سەرەکیم بووه ، هەروەها هەوڵدان و

خوێندن لە پێناوی بە دەست هێنانی بڕوا نامەی بەرزداو لەو بابەتانەدا کە لە منداڵییەوە نەخشەم بۆ دانابوون و سوپاس بۆ خودا ئەوپەری سەرکەوتنم بە دەست هێناوەو لەو بووارەدا ئارەزووەکانم هاتوونەتە دی .

شایانە بڵێم کەهەمیشە ئامۆژگاری سەرەکیم بۆ ئەندامانی نەتەوەکەم بە تایبەتی لاوان ئەوە بووە کە بە پێی توانی هەوڵی ئەوە بدەن ڕیگای خوێندن بگرنە بەر چونکە ئاکامەکەی بە بەرژەوەندی خۆیان و نەتەوەکەیان کۆتایی دیت و بە کەڵکترین دەرمانیشە بۆ چارەسەر کردنی ئێش و ئازاری نەتەوەکەمان .

ـ وەك لە تەمەنێکی زۆر زووی منداڵیدا ، کەوتمە مەلەوانی لە دەریای سیاسەتدا ، هەر بەو شێوەیەش هاوڕێتیم لە گەڵ نووسیندا پەیدا کرد . بێگومان بارو دۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو

سەردەمە هاندەری سەرەکی بوون . بۆ تێکەڵ بوونم لە گەڵ سیاسەتدا کەم بوونی خوێندەواران بوو لە نێو گەورەکانی گەڕەکەکەماندا بۆ خوێندنەوەی ئەو بڵاوکراوانەی کە لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە دەنووسران و لە دووایشدا ئەوانەی کە لە لایەن شۆرشەوە دەردەچوون کە تا بڵێی کەم و کوورت و ناوەڕۆك لاوازیش بوون .

چی سیاسەت سوودی پێگەیاندبێتم (کە هەرگیز) و چی زیان (هەمیشە)، تاکو ماوم سوپاسمەندی دوو مامۆستای تێکۆشەرو شەهید ، مامۆستا (حسیب محمد **بگ** و مامۆستا عمر شریف **زەنگەنەم** ، کە ئەو دوو کورد پەروەرە بوون ، ریگای پاکی کوردایەتیان پیشاندام و تاوەکو ئەمڕۆ لە سەری ماووم تا مردنیش هەر دەمێنم .

لەبارەی نووسینەوە ، وەك ئاماژەم بۆ کرد ، کەم بوونی بڵاوکراوەی حزبی و تینوو بوونی خەڵك بۆ زانینی هەواڵ بوو کە هانیاندام بۆ ئەوەی بە نێوی شۆرشەوە بنووسم و بخوێنمەوەو سوپاس و دوعاش بۆ شۆڕش و لێپرسراوە لە چاڵی دوواکەوتندا چەقیوەکانی بێت .

کتێبی پەنجا لاپەڕەیی ـ ***گەشت بۆ نومرە هەشت*** ـ کە بەسەرهاتێکی زۆر سەیرو سەمەرو دڵسووتێنەری هەیە و دەبێت لە پێشەکی چاپە نوێیەکدا بخوێنرێتەوەـ یەکەمین نووسراوومە کە بە شێوەی کتێب بڵاوکرایەوە لە سەردەمێکدا کە قوتابی ساڵی یەکەمی ئامادەیی بووم .

لەگەڵ ئەوەدا کە هەرگیز نە سوسیالیست بووم بە مانای

(چەپی) و نە هەرگیز کۆمۆنیست و نە ئایدیۆلۆژییەکەییم بە گونجاو ڕەچاو دەکرد بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەی کورد ، بەڵام ، ئەوەی منی نەدەناسی ونەیدەزانی نووسەرەکەی لاویکی دوازدە سیازدە ساڵەیە و کتێبەکەی دەخوێندەوە ، کتووپڕ دەگەیشتە ئەو بۆچوونەی کە نووسەرەکەی مرۆڤێکی بە تەمەنی نووقم بوو و کووڵاوی نێو مەنجەڵی بیروباوەڕی کۆمونیستییەو زۆریش لە نزیکانی خۆم ئەو تاوانەیان پێوە نووساندم و لەوانە باوکی خۆم .[1] لە

[1] . بەسەرهاتی تاوانی کۆمونیست بوونم لە لایەن باوکمەوە لە ناوەڕۆکی کتێبی چیرۆکی وازم لێبێنن دڵداری ناکەم دا بە درێژی باسکردووە . دیارە هەر لە ئاکامی ئەوەدابوو کە لە ساڵی 1979 کاك مسعود بارزانی و سەرکردایەتیە کاتییەکەی نامەیەکیان دابوو بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران و تێیدا باسی ئەوەیان کردبوو کە شۆرشەکەی 1961یان شۆرشێکی ئیسلامی بووەو لە سەرەتاوە یوسف زەنگەنەو هاوبیرانی کردوویانە بە کۆمونیستی. باشبوو گەورە پیپاوی دەسەڵاتداری ئێران ، مەسعود و خێزان و سەرکردایەتییەکەی لە خۆی چاکتر دەناسی و زانیشی لەوکاتەدا من تەمەنم چەند بووە .

کاتێکدا چیرۆکەکە باس لە گەشتێك دەکات کە قوتابخانەی شۆریجەی کچان بۆیان رەخساندین بۆ ناوچەی نومرە 8ی نزیك بە دوبزی شاری کەرکووك بۆ سەیران و دووانە ، لەسەر ئەو دیمەنانەی کە بینیم و تێبینیم کردو ئەو جییاوازییە لە شێوەی ژیانی دانیشتوانی ئەوێدا کە زۆربەی هەرە زۆریان بێگانە بوون بە تایبەت ئینگلیز ، لەگەڵ شێوەی ژیانی ئێمەدا کە لە گەڕەکی شۆریجەی هەمان شاردا دادەنیشتین . هەروەها لە کتێبەکەدا باسم لە چەند رووداوی خۆشەویستی و بەسەرهاتی خۆشی منداڵانە کردووە .

چ بەر لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەو چ لە پاش ئەوە ، خەمی نەتەوەکەم و خۆمم وورده وورده بە عارەبی و کوردیش دەرژاندە سەر لاپەڕەی هەندێك لە گۆڤارو روژنامەکانی ئەو سەردەمەدا کە زۆربەشیان لە بغدادی پایتەختی عراق دەردەچوون ، تا گەیشتە شەوی نەورۆزی ساڵی 1968 کە لە لایەن ئەو باڵەی

پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کە خۆیان فرێدابووە باوەشی حکومەتی عراقەوەو رابەرەکەشیان ببوو بە پێشمەرگەی عبدالرحمن عارفی سەرەك کۆماری ئەو وەختەو لەپاشانیشدا حکومەتی بعس ، لە سەر نووسین و جموجۆلەکانم دژ بە دووبەرەکی و کورد فرۆشی بڕیاری لە نێوبردن و کوشتنمیان دەرهێناو بە بریندارییەکی قورس وترسناك کۆتایی هات کە تا ئێستاش لە لایەن فیزیکییەوە پێیەوە دەناڵێنم و لە لایەن معنوی و رەوانیشەوە گەورەترین و بەرزترین پاداش و پلەیەکە کە بە دەستم هێناوەو پێیگەیشتووم . کوردفرۆشان بەو ئاواتەوە بەو کارە هەستان کە دەنگی راستی کپ بکەن و چرای مەشخەڵی هەڵکراوە بکوژیننەوە کە بتوانن لە تاریکیدا وەکو ئەهریمەن بکەونە مروڤ کووژی و بردن و تالا ن ، بەڵام هەوڵ و ئاواتەکەیان نەهاتە دی و بە فیرۆدا چوو ، ئەگەرچی ئەو گوللانەی کە بە گیيانە بێتاوانەکەی منیانەوە نا ،

تینوویەتیانی نەشکاند و چەندین هەوڵی دیکەیان دا کە دەرمان خوواردم بکەن لە کاتێکدا بە بارێك کۆت و زنجیریش بەسترابوومەوە بە چارپایەکەمەوە لە نەخۆشخانەی کۆماری کەرکووکدا ، کە ئەو تەقەللایانەشیان هەر بێسوود بوو و ئەوە نەبێت رووی رەشیانی رەشتر کردو چاوویانی لە بەرامبەر کورددا شۆڕتر .

ئەو رووداوە دڵتەزێنە نە هەر تاکە هەنگاوێکیش بەرەو پاشەوەی نەکشاندم ، بەڵکوو هاندەرێك بوو بۆ ئەوەی هەتا هەتایە رێڕەوی ئەو ڕێگایە بم کە گرتبووم و گرتوومەتە بەرو سوور تر بم لە تێکۆشانی بێووچان دژ بە کوردفرۆشان و ئەوانەی کە بە خوێنی کوردەوە بازرگانی دەکەن ، ئیتر ئەم باڵی شۆڕشە ئاوات لە بار چوو و دزراوەکەمان بێت یا ئەو باڵی .

لە ژیاندا تووشی تەنگەچەڵەمەو ئێش و ئازارو ئاوارەیی و دەربەدەری برینداری و خەم و پەژارەو ئەشکەنجەو زیندانی زۆر بووم، بەڵام، بە شانازییەوە دەڵێم کە هیچ یەك لەو بەسەرهاتانە نەیانتوانی چۆکم بنووشتێننەوەو لە شەڕی سیاسی نێواندا لەگەڵ لایەنە کورد فرۆشەکاندا هەمیشە من سەرکەوتووی سەربەرز بووم ، چونکە ئەو بیرو باوەڕی کوردایەتییەی کە خۆم پێ چەکدار کردووە، گەلێك لەو لایەن و بیروباوەڕە پووچەڵانە بەهێزترە کە بەربەرەکانی دەکەن و هەوڵی لە نێوبردنی دەدەن .

بۆیە، وەك دەبینرێت و ئاشکرایە رابەرانی داگیرکەری ئەمڕۆی گۆڕەپانی کوردستان، هیچ بایەخێکیان نەماوەو تەنیا بە زۆری هێزی چەك و چەکدارە بە پارە راگیراوەکانیانە کە توانیویانە لە گۆڕەپانەکەدا، بمێننەوەو بێگوومانم کە ئەم بارودۆخەش کوورت خایەنەو لە داهاتوویەکی زۆر

نزیکدا دەیان بینین ئەوانیش وەکو هەندێ لە رابەرانی عارەبی هەڵهاتوو، کوونە مشکیان لێدەبێت بە قەیسەری وولات بە وولات و شار بە شار بە شوێن پەناگایەکدا دەگەڕێن کە خۆیانی تێدا بشارنەوە تا لە تۆڵەی ئەو تاوانانەی کە دژ بە نەتەوەی کورد ئەنجامیان داوە، رزگاریان ببێت، کە ئەم خەیاڵەشیان هەر خاوەو هێزی رەش و رووتان و هەژاران و کۆرپەی شەهیدان و بە جێماوی ئەنفالکراوان و بە گازی کیمیاوی خنکێنراوان، ئەو هەولانەیان پووچەڵ دەکەن و رێگەی هەڵهاتنیان لێدەبەستن و لەقەفەسی تاواندا رایان دەگرن و دەیانگەیینن بە سزای خۆیان.

# چاپکراوەکانم

١. چوارینەکانی یوسف صدیق زەنگەنە. بەشی یەکەم. ساڵی ١٩٧٠.

٢. چوارینەکانی یوسف صدیق زەنگەنە، بەشی دووهەم. ساڵی ١٩٧٣.

٣. بازاڕی شۆڕیجە. چیرۆک و رووداو. ١٩٧٣.

٤. دهۆک و سەربەستی ئافرەت لە پەنجەرەی ئوتێل کوردستانەوە. ١٩٧٣.

٥. پەپوولەی باڵ شکاو. هەڵبەست و پەخشان، کۆتایی ١٩٧٥.

٦. سکاڵای کوردێکی دڵسۆز. شعر، ١٩٧٦.

٧. کۆترەکەم و شۆڕشی کوردستان، ١٩٧٦.

٨. وازم لێبێنن دڵداری ناکەم. چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە، ١٩٧٦.

٩. ڕەشەبای ڕقی پێشمەرگەیەکی سەرشێت. چاپی یەکەم، ١٩٨٥، لەندەن.

١٠. هەمان کتێب. ساڵی ١٩٨٦.

١١. ئیملا. وەرگێڕاو، لە فارسییەوە، ١٩٨٧ .نووسینی.گوهر مراد. (غلامحسین ساعدی).

١٢. سۆتۆ و تەتۆ. وەرگێڕاو، ١٩٨٨.

١٣. نەسرین. ساڵی ٢٠٠٠.

١٤. نەسرین. تابلۆیەکی خوێناوی لە کوردستانەوە، چاپی دووهەم بە دەستکارییەوە، لەندەن، ٢٠١١، چاپی سێهەم، دیسانەوە لە لەندەن، ٢٠١٣ و چاپی، چووارەم، کوردستان ساڵی ٢٠١٦

١٥. بنچینە سەرەتاییەکانی شەڕی پێشمەرگایەتی. لە ساڵی ١٩٧٤ لە گەرمەی شەڕدا بڵاوکرایەوەو بە شێوەیەکی فراوان بەسەر پێشمەرگە پاڵەوانەکانی ئەو سەردەمەدا دابەشکرا.

١٦. کیژە کوردە بەرلینییەکە. هەڵبەست، ٢٠١١

١٧. بێچووە چۆلەکەو رابەرانی کورد. هەڵبەستی سیاسی، ساڵی، ٢٠١١.

١٨. ژن سەرچاوەی شعرە. شعری رۆمانسی، ساڵی، ٢٠١١.

١٩. کوردستان سەرزەمینێکی جادوو لێکراو. شعری سیاسی، ٢٠١٤.

٢٠. کیژێک نێوی پێنج خاڵە. شعری رۆمانسی، ساڵی ٢٠١٤.

٢١. ماچی پاش مردن. شعر. کوردستان، ٢٠١٦

٢٢. فرمێسکەکانی شەوبۆ. کوردستان، ٢٠١٦

٢٣. قەنارییەکان باس لە جوانی تۆ دەکەن. شعر. کوردستان. ٢٠١٦

٢٤. کچانی چیای قەندیل و کۆبانی. شعری سیاسی، کوردستان ٢٠١٦.

٢٥. پەرەسێلکەکانی چیای پێرس. چاپی دووهەمی (بانگی ئاشبەتاڵ)، شعری سیاسی. لەندەن- ٢٠٢١-

٢٦. ماچێک کە هەرگیز نەگەیشت. شعری رۆمانسی. لەندەن، ٢٠٢١

٢٧. پەپوولەی باڵ شکاو، شعری رۆمانسی. چاپی دووهەم، لەندەن، ٢٠٢١

٢٨. وڵاتی شارە زەردەواڵەکان، چەند رووداوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، دڵتەزێن، لەندەن-٢٠٢١- ئەم کتێبەی بەر دەستتانە.

لەگەڵ ئەوانەدا کە نێوبران، بە دەیان کوورتە چیرۆک و چیرۆکی شانۆگەری و شعرو پەخشانی ئەدەبی و نووسینی سیاسی و کۆمەڵایەتیم بە زمانەکانی کوردی، عارەبی و فارسی لە گۆڤارو رۆژنامەو مانگنامەو وەرزنامەی جۆراوجۆردا، بڵاوکردووەتەوە، کە ئەگەر تەمەن یارمەتیدەر بێت لە چەند بەشێکدا دووبارە بڵاویان دەکەمەوە.

جگە لەوانەی کە باسکران، بە دەیان کۆڕو سمینارو وانەی تەلەفزیۆنیشم ئەنجامداوەو ئەوانەش بە یاری خودا بەم زووانە دەخرێنە سەر کاغەز.

# چاپنەکراوەکانم

١. لە روانگەی پێشمەرگەیەکی سەرشێتەوە. هەڵبەستی سیاسی.

٢. لە پێناوی مێردەکەیدا. بەسەرهاتی ژنە کوردێکە لە دوو بەشدا. بەشی یەکەم: لە پێناوی مێردەکەیدا و بەشی دووهەم: لە پێناوی کوڕەکەیدا.

٣. مانیفیستۆی بیری کوردایەتی: پەیرەو و پرۆگرامی بیری کوردایەتییە.

٤. هیچ: کورتە چیرۆک بۆ شانۆ.

٥. خەلیلە شێت: شێتێک کە وتەکانی هۆشیارانی سەرسام دەکرد.

٦. ماچێک کە هەرگیز نەگەیشت. شعری رۆمانسی. (چاپکرا) لەندەن، ٢٠٢١

٧. تەنەکەی زبڵی خودا. چیرۆک و بەسەرهات.

٨. هەزار کیلومەتر خوێن. بەسەرهاتی کوردانی ئەنفالکراوە.

٩. شەوێک کە من و ئاسمان گریاین. چەند کوورتە چیرۆک. وەرگێڕاو لە فارسییەوە.

١٠. یەکەمین راپەڕینی کورد بەر لە ٤٠٠٠ ساڵ، چۆن فرۆشرا.

١١. مەکری پیاوانی کورد. چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە.

١٢. مامۆستای دێیەکەمان. چیرۆکێکی شانۆگەرییە، لە ساڵی ١٩٧١ لە چەند دانەیەکدا چاپکراو بڵاوکرایەوە. شایانە بگووترێت برێک لە لاوانی هونەرمەندی کوردی دڵسۆزو چاونەترس و بوێر، لە گەڕەکی شۆرجە لەسەر شانۆ نواندیان.

١٣. زەردەشت و بنچینە سەرەتاییەکانی ئاینەکەی.

١٤. زەردەشت تاوانبارکراوێکی بێتاوان. لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر ئەو تاوانانەی نایارانی چەسپاندوویانە بە ئاینەکەیەوە.

١٥. بەڵێ زەردەشت کورد بوو.

١٦. کاریگەری زەردەشت لەسەر جوولەکەو ئیسلام. هەروەها لەسەر سوقرات و  ئەفلاتوون و بڕێکی دیکە لە فەیلەسوفە رۆژئاواییەکان.

١٧.  گەشت بۆ نمرە هەشت. چاپی دووهەم.

١٨. ئابووری سیاسی. سەرەتایەک بۆ لاوان.

١٩. پێشەکییەک بۆ سیاسەت.

٢٠. مام إحسان و مەلا مستەفا بارزانی. باس لە یەکەمین چاوپێکەوتنی خوا لێیانخۆشبێت، ژنرال إحسان نوری پاشا، سەرۆکی شۆڕشی ئاراراتی باکووری کوردستان و مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ی باشووری کوردستان دەکات کە لە ساڵی ١٩٧٣ لە ژوورەکەی مندا روویدا و کورتەیەک لە گووتووبێژەکانیان. هەروەها بردنی مام إحسان بۆ ماڵی بارزانی لە (عظیمیة)ی (کرج)ی لە ئێران، پاش ٣ ساڵ لە یەکەمین چاوپێکەوتنەوە. هەروەها بۆچی، شێخ مسعود بارزانی، لەسەر ئەو کارەم چەندین گرفتی بۆ درووست کردم. کوورتەیەکی لە رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکاندا

باسکراوە. بەم زوانە بە شێوەی کتێب، بڵاوی دەکەمەوە.

٢١. لە رۆژمێری شەیتانی ئەمدیوی ئاوێنەکەوە. باس لە ئێرەیی نێوان خێزانەکان دەکات.

٢٢. پشکنەر کۆڵۆمبۆ لە کوردستان. چیرۆکێکی شانۆگەرییە باس لە چۆنییەتی پەیداکردنی ئەو کەسە دەکات کە پیلانی دەرهێنانی تەرمەکەی بارزانی لە گۆردا، دارڕژاند، لە لایەن پشکنەر کۆڵۆمبۆوە، کە لە ئەمریکاوە بۆ ئەو مەبەستە بانگهێشت کرابوو.

٢٣. نامێلکەی ماستەرو دکتۆراکانم کە بە زمانی ئینگلیزین و وەردەگێڕدرین بۆ کوردی و عارەبی، بە یاری خودا.

٢٤. بیرەوەرییەکانم لە چەند بەشێکدا لەوانە:

٢٥. أ- بۆنی شیرو سیاسەت. ژیانم بەر لە ساڵی ١٩٦٨.

٢٦. ب- ١٩٦٨ دووبەرەکییە پشت شکێنەرەکەی ١٩٦٤ چی بوو، چۆن روویدا؟ دەستپێک و ئاکام.

٢٧. **پ**- پاراستنەکەی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ یا رووخێنەرەکەی؟ بەڵێ، من پێشمەرگە لاوەکانم فێری یاخی بوون کرد و ئاکام.

٢٨. ج- دوای کووشتنم. ژیانم لە دوای ١٩٦٨ وە تا ١٩٧٥.

٢٩. چ- هەرەسەکەی ساڵی ١٩٧٥. ژیانم لە تاراوگە، لە ئێران و سوریاو ئەوروپا. بە درێژی باس لە یەکەمین کۆمەڵەی سیاسی دەکەم کە من دامەزرێنەرەکەی بووم پاش هەرەسەکە، بە بەڵگەوە و چۆن هەرەسهێنەران، هەرەسیان بەو کۆمەڵەیەش هێنا.

چۆن بیری گۆڕانم لە سیستەمی سیاسی کوردستاندا هێنایە بوون و شەمی دەستپێکردنیم هەڵکرد لە تەلەفزیۆنی میدیادا بەرنامەی (رۆژباش کوردستان) لە بەرواری ١/١١/٢٠٠٠.

٣٠. د- شۆڕشێک کە ئاواتەکانی لە بار چوون.

٣١. هۆرەکانی شەکسپیر. ئینگلیزی و کوردییە. ئایا شەکسپیر ئەو بلیمەتەیە کە باسی لێدەکەن؟

٣٢. شارەکەم کەرکووک. لێکۆڵینەوەیەکی ڕەوانی خەڵکی ئەو شارەیە لە تاراوگەدا. کوورتەیەکی لە ڕۆژنامەی بارزاندا کە لە ئەمەریکا دەردەچوو بڵاو بووەتەوە.

٣٣. تهافت التهافتين. امام محمد کوڕی محمد کوڕی محمد کوڕی أحمد أبو حامدی الغزالی، لە ساڵی ١٠٥٩ی زایینی لە شاری تووسی خۆرهەڵسانی ئێران، هاتووەتە جیهانەوەو لە ١١١٤ کۆچی دوایی کرد. لە نێوانی ساڵانی ١٠٩١ تا ١٠٩٥ کتێبی (تهافت الفلاسفة- ڕووخانی بۆچوونی فەیلەسووفەکان)ی نووسی و زۆر لە بیرووباوەڕی فەیلەسووفەکانی یۆنان و جیهانی بەر لە خۆی پووچەڵ کرد و ڕاماڵکاند. دوای تێپەڕبوونی ٦٧ ساڵ بەسەر لە دایکبوونیدا، لە (قرطبة)ی وڵاتی ئەندەلووسدا، یانی لە ساڵی ١١٢٦ ی زاینی أبی الوليد محمد کوڕی أحمد کوڕی محمد ابن رشد القرطبی، هاتە جیهانەوە و لە ساڵی ١١٩٨ دا لە مراکش کۆچی دوایی کرد.

ئەم فەیلەسووفە کتێبێکی نووسی بە نێوی (تهافت التهافت- رووخانی رووخێنەرەکە)، کە مەبەستی، رووخانی کتێبەکەی (الغزالی) بوو، کە ئەویش بڕێکی زۆر لە بۆچوونەکانی (الغزالی) پۆچەڵ کرد.

بە یاری پەروەردگار، من لە تەواو کردنی دوا بەشەکانی کتێبێکم کە پتر لە ۳۰ ساڵە کاری لەسەر دەکەم بە نێوی ( تهافت التهافتین- رووخانی هەردوو رووخێنەرەکە) کە لە رێگەی ئەو کتێبەوە لە گۆڕەپانی پان و پۆڕی فەلسەفەدا، هەوڵ دەدەم کە پشتی ئەو دوو کەڵە سووارە بکووتم بە زەمینداو زۆر لە بۆچوونەکانیان لە چاڵ بکەم. چاوەڕوانی بن.

۳٤. خودا لە چاوەکانی منەوە دەتانبینێت. را و بیرووبۆچوونەکانمە لەمەڕ فەلسەفەو گیرووگرفتەکانی. ئەم کتێبە دەبوایە لە ساڵی ۱۹۹۲ دا بڵاوببێتەوە، بەڵام بەداخەوە وەک لە رۆژنامەکانی بەریتانیادا بە وێنەوە بڵاوکرایەوە، تەنیا بەرگەکەیم بۆ مایەوەو دزانی سیاسی نێوەڕۆکەکەیی و دەیان نووسراو و سەدان پارچە شعر و

چیرۆک و نووسراوی جۆراوجۆری دیکەی بڵاو نەکراوەیان بە پیلانێکی زۆر پەلیدانە، لە ماڵەکەمدا دزی بە کۆمپیۆتەرو (فلۆپی دیسک)ەکانیشەوە و تا ئێستاش دزەکان هەر نەدۆزرانەوەو سێ وڵاتی زەبەلەحیش یەکتریان تاوانبار کرد بە ئەنجامدانی ئەو رووداوە دڵتەزێنە.

بەو هۆیەوە لەو کاتەوە بە رۆژ و شەو بە کوون و قووژبنەکانی مێشکمدا لە گەڕاندام بۆ پەیداکردنی بابەتەکانی ناوەڕۆکەکەی و لە خوا بە زیاد بێت وردە وردە خەریکم دیوارەکانی بەرزدەکەمەوەو بە کوێری چاووی دوژمنانی زانست و زانیاری راست و پاک و رەسەن، بە ماوەیەکی کەمی دیکە سەربانەکەشی دادەپۆشم .

لەو کتێبەدا دەگەنە ئاکامی ئەو پرسیارانەی کە ساڵیانێکە لە مێشکتاندا هاتووەتە بوون وەکو:

بۆ لە داییکبووین؟ مەبەست لەم هاتن و چوونە بە پەلەیە چییە؟ بەهەشت و دۆزەخ چین و لە کوێدان؟ جیهانی مادی و ئەم کەونە چییەو بەرەو کوێ دەڕوات؟

خودا ئێمەی درووستکردووە یا ئەو درووستکراوی بیری ئێمەیە؟ ئاینەکان، زەمینین یا ئاسمانی و مەبەست لە درووستبوونیان چییە؟ ئایا پێغەمبەرەکان، خودا هەڵیبژاردوون یا ژێری بیری خۆیان هێناویانیەتە بوون؟ فەیلەسووفەکانی جیهانی رۆژئاوا، ئەگەر لە سەرزەمینی پێغەمبەراندا لە رۆژهەڵاتی جیهان بە تایبەت روژهەڵاتی نێوەراست، بهاتابانە جیهانەوە، هەر پێیان دەگووترا فەیلەسووف یا دەگووترا پێغەمبەر، بە پێچەوانەشەوە؟ ئایا خودا گیاندارانی بە مرۆڤ و ئاژەڵ و درەختەوە درووست کردووە، یا لە تۆزوخۆڵی تەقینەوە گەورەکە هاتوونەتە بوون؟ ئەو کوونە رەشانەی کە جاروبار، بەرچاووی تەلەسکۆپە زەبەلەحەکان دەکەون، چین؟ ئایا پاشماوەی ئەستێرە سووتاوەکانن وەک زانایان بۆی دەچن یا شتێکی دیکە؟

خودا یار بێت، پێش، یا، پاش مردنم دەکەوێتە بەرچاووتان.

# رێگەی کوردایەتی

رێگەیەکە، درێژ خایەن و پڕ لە مەترسی ، زیندان و شکەنجەو برین و برسییەتی و تینویەتی و بێبەرگی و دەربەدەری و ئاوارەیی و لۆمە و تانەو تیشە و لێدان و هەڵواسین و گوللەباران ، ئاسانترین ئەو بەسەرهاتانەن کە تووشی رێرەوانی دەبن ، بێگومان لە لایەن رێبڕانی نێو خۆ و دەرەوییەوە .

_

تەنها رێگەیەکە، کە کورد بەرەو ئازادی دەبات و کوردستانیش بەرەو رزگاری .

_

رێگەیەکی، بەرفراوانتر لە رێگەی تەنگی پارتایەتییە ، رێرەوانی لە روانگەیەکی بەرفراوانترو دووربینترو تیژبینترەوە دەڕواننە ئەندامانی

نەتەوەکەمان ، هەموو کوردێك هاوڕی و هاوبیرو یەکسان لەقەڵەم دەدەن و بە یەك چاوو تەماشایان دەکەن و لە پێناوی بەرژەوەندییەکانیاندا خەبات دەکەن ، بە تەواوی بە پێچەوانەی پارتایەتییەوە کە هەر پارتێك تەنها تێدەکۆشێت لە پێناوی کەسانێکدا کە ئەندامی خودی پارتەکەن .

## بیروباوەڕی کوردایەتی

تەنیا بیروباوەڕێکە کە کوردی هەموو گۆشەو قوژبنێکی کوردستان بە ئەندامی یەك خێزان و یەك خانەوادە دەژمێرێت و بیری یەکتر خۆشویستن لە مێشکیاندا دەڕوێنێت .

بیروباوەڕێکە کە لە مێشکی کوردپەرستانەوە دەردەکەوێت و دەچێتە مێشکی کوردپەرستانەوەو بە نان و دۆ و چێشتی ساوەری کورد و خوێنی کورد ، پەروەردە دەبێت و بە دەست و بازووی کوردیش ئارمانی لە چاووگیراو کە دامەزراندنی وڵاتی کوردستانی سەربەخۆیە ، بە دەست دەهێنێت .

ئەگەر تۆی کورد باوەڕت بەو خاڵانەی سەرەوە هەیە و لەو باوەڕەشدای کە داگیرکەرانی کوردستان ، رزگارکەری نین ، ئەوە جێگای ئومیدی و ئەگەر ،نا ، دەست لە خۆت بشۆرەوە .

# سوپاس و پێزانین

خۆزگە لە سوپاس بەولاوە وشەیەکی بەهێزتر هەبوایە کە لە ناخەوە دەرمبڕیبایە بۆ کاک (بەختیار کامل)ی خۆشەویست، بەرابەر یەک لە سەدی ئەو کارانەو ئەو ماندووبوونانەی کە لە پێناوی مندا، ئەنجامیداوەو دەدات و کێشاویەتی و دەیکێشێت، لە بەڕێوەبردنی لاپەڕەکانمەوە بگرە تا دەگاتە، یارمەتیدان و پشتیوانیکردنم و شوێن دەنگ و باسی باروودۆخی تەندرووستیم، کەوتن و بە سینەیەکی فراوانەوە ئاگادارکردنەوەی هاوڕێ و خزم و کەسان و خۆشەویستانم، چی لە رێگەی پەیامە نووسراوەکانەوە و چی تەلیفۆن و چی پەیامی دەنگییەوە.

خوای گەورە، ئەو مرۆڤە مەزنە یا لەراستیدا (ملک کریم)ەم، بۆ بپارێزێت و تەمەن درێژی بکات و دوور لە هەموو، نەخۆشی و ناخۆشییەک و سێبەری هەمیشەیی بێت، لەسەر هاوسەروو چووار منداڵە

خنجیلانەکانی، ئەوانیش بۆ ئەم بهێلێت بە خۆشی و تەندرووستییەوە، لەگەڵ تەمەنێکی درێژدا.

بێئەندازە سوپاس بەختیار گیان، یاخوا بەخت هەمیشە یارت بێت.

# ناوەڕۆک

| | | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 . | ئەلبوومێک و چووار وێنە | ٤ |
| 2 . | زریکەی دووهەم | ٢٧ |
| 3 . | رازی مەڕێ | ٣٧ |
| 4 . | شووتی خوێناوی | 45 |
| 5 . | خەونی کۆرپەیەکی لە داییک نەبوو | 49 |
| 6 . | وڵات بە سروودی نێو گەرماو رزگار نابێت | 51 |
| 7 . | وڵاتی شارە زەردەواڵەکان | 58 |
| 8 . | گووڵەباخێکی سپی | 69 |
| 9 . | من کێم | 90 |
| 10 . | چاپکراوەکانم | 100 |
| 11 . | چاپنەکراوەکانم | 105 |
| 12 . | رێگەی کوردایەتی | 114 |
| 13 . | بیروباوەڕی کوردایەتی | 116 |
| 14 . | سوپاس و پێزانین | 117 |
| 15 . | ناوەڕۆک | 119 |

# خوێنەرانی بەڕێز

تکایە منداڵەکانتان، مەترسێنن، لە تاریکی و لە گوورگ و
چەقەڵ و جنۆکەو شەیتان و دەسەڵاتی ستەمکاران و
لە زیندان و ئەشکەنجەو سێدار.
ترسێک لە منداڵییەوە بچەسپێندرێت بەسەریانداو لە
مێشکیاندا جێگر ببێت، هەتاهەتایە، لەگەڵیاندا
دەمێنێتەوەو بەجێیان ناهێلیت و ئاکامەکەشی وەک ئەو
کوورەیان بەسەردێت، کە لە رووداوی
**<u>وڵاتی شارە زەردەواڵەکانی</u>** ئەم کتێبەدا باسی لێکراوە.
ئەم ئامۆژگارییەم لێپەسەند بکەن و بە گوێرەی رەفتارو کردار
بکەن، ئەگەر دەتاونەوێت،
رۆڵەی چاوونەترس و بوێرو خۆنەفرۆش،
پەروەردە بکەن، بۆ پاشەڕۆژی نەتەوە،
ستەملێکراوەکەمان.
دڵسۆزتان: د. یوسف زەنگەنە